# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە ٦٣٩، پێنجشەممە، ١ی خەزەڵوەری ١٣٩٣، ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**سپاسنامەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات**

**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی بەڕێوەچوونی هەشتەمین پلێنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی**

**بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ سەبارەت به هێرشەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ**

لاپەڕە ٢ >>



**مستەفا هیجری لە وتوویژ لەگەڵ هەفتەنامەی "باس" دا...** ٤



**دۆسیەی نەتەوەکانی ئێران، لەسەر مێزی راسپۆتینەکان** ٥



**ڕۆژێک دێت کە باوی ڕۆژهەلاتیش بێتەوە** ٦




**ڕۆژی جیهانیی ئێعدام و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی** ١٠

# پێشمەرگە به هانای "کۆبانێ"وە دەچێت



پارلمانــی هەرێمی کوردســـتان، ڕۆژی چوارشـــەممە ٣٠ی ڕەزبەر، پێشـــنیاری مەســـعوود بارزانـــی، ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتانی لەســـەر ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەهێزکردنی یەکینەکانی پاراســـتنی گەل لە شاری کۆبانێ لەشەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی پەسەند کرد.

ئەم بڕیارە گرینگە لە دوای ئەوە پەســـەند کرا کە دەوڵەتـــی تورکیە لەگـــەڵ ناردنی پێشـــمەرگەکانی هەرێمی کوردستان لە خاکی خۆیەوە بۆ کۆبانێ ڕەزامەندی دەربڕی.

بە پێـــی ڕاپۆرتـــی هەواڵنێریی فەرانسە، مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشـــمەرگەی هەرێمی کوردســـتان وتوویەتـــی کە لەســـەر ژمارەی ئەو هێزانـــەی کـــە دەچنـــە کۆبانێ لە ڕۆژانی داهاتوودا بڕیار دەدرێت.

ڕوون نییـــە کە ئـــەم هێزانە کەی دەچنـــە نێو خاکی ســـووریە، بەلام ناوبـــراو وتوویەتی "تـــا ئەو کاتەی کە ئیدی پێویستیان بە بوونی ئەوان نەبێ، لە ناوچەکەدا دەمێننەوە".

تـــۆڕی هەواڵنێریـــی ڕوداوو ڕایگەیانـــدووە کـــە بـــە پێـــی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەســـتیدایە، سەرۆکی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە لەگـــەڵ "پەیـــەدە" لەســـەر ناردنی ئـــەو هێزانـــە وتووێژیان کـــردووە و ڕێککەوتوون.

هەواڵنێریی ئانادۆلی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە کە بڕیارە ٢٠٠ کەس لـــە هێزەکانی هەرێمی کوردســـتان، تەیـــار بە چەکی قورس، لە ڕێگەی تورکیەوە بڕۆنە نێو خاکی کۆبانێ.

تورکیـــە ڕۆژی دووشـــەممەی ڕابـــردوو ڕایگەیانـــد کە ئیـــزن بە پێشمەرگەکان دەدات بۆ گەیشتن بە کۆبانێ لە خاکی تورکیاوە تێپەڕن.

چەن کاتژمێر پـــاش ئەوە ماری هـــارف وتەبێژی وزارەتـــی دەرەوەی ئەمریکا، وتی کە ئەمریکا پێشوازیی دەکات لـــە گۆڕینـــی سیاســـەتی ئەنکارا.

ســـەرەڕای ئەمانە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ڕەخنەی لـــە هەناردنی چەك و چۆڵ لە ڕێگەی ئاسمانییەوە بۆ کۆبانی و کەوتنە دەستی بەشێك لـــەو چەکانە لـــە لایەن داعشـــەوە گرت.

شایانی باسە کە تورکیە پێش لەمە لەگەڵ ناردنی هـــەر جۆرە چەکێك بۆ یەکینەکانی پاراســـتنی گەل لە کۆبانێدا لـــە ڕێگەی خاکی خۆیەوە نارەزایەتی دەربڕیبوو.

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان: ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێزدییەکان لەگەڵ جینۆساید بەرەڕوو بووبێتنەوە

کاربەدەستێکی باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان کە ماوەیەك پێش ئێســـتا لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقی و گرووپێ لە ئاوارەکانی ئەو وڵاتە چاوپێکەوتنی کردووە، دەڵێت ئەو کردەوانەی کە "دەوڵەتی ئیسلامی" لەگەڵ کوردە ئێزدییەکاندا ئەنجامیان داوە، لەوانەیە هەوڵ بۆ جینۆساید بووبێت.

ئیڤان سیمۆنۆڤیچ، یاریدەدەری سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کارو باری مافـــی مرۆڤدا، ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبـــەر وتی " ڕووداوەکان بەڵگەن لەســـەر ئەوەیکە ئەو شـــتەی بەســـەر ئێزدییەکاندا هاتووە هەوڵ بۆ جینۆساید بووە".

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی فەرانســـە، سیمۆنۆڤیچ لە دوای ناوچەگەلێ لە عێراق وەك هەولێـــر و بەغدا، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بـــە کۆمەڵێك ڕۆژنامەوانی وتـــووە " تاوانە ئەنجامـــدراوەکان" لە لایەن هێزەکانـــی "دەوڵەتی ئیســـلامی" لە چوار مانگـــی ڕابـــردوودا دەتوانـــێ " تاوانی جەنگـــی" یان " تاوان دژی مرۆڤایەتی" بە ئەژمار بێت.

بـــە وتـــەی ســـیمۆنۆڤیچ، لەمـــەڕ ئێزدییەکان، شـــایەت و بەڵگەی وا هەیە کە توندڕەوە ئیسلامییەکان، ئەو ئێزدییانەی کە شایەتیمانیان بە ئیسلام نەهێناوە، کوشتووە.

هەواڵنێریی ڕۆیتێرزیش دەڵێ میلیشیاکان هەزاران ئێزدییان ڕەمی کردووە، بە زیندوویی ســـووتاندویانن یـــان ئەوەیکـــە وەك کۆیلە فرۆشتوویانن.

ماوەیەك پێش ئێســـتا ئـــەم گرووپە لە بڵاوکراوەیەکـــی خۆیاندا ڕایانگەیاندبوو کە ژنان و منداڵانـــی ئێزدیی کە لە باکووری عێراق بە دیل گیرابوون بە پێی "شەریعەی ئیســـلامی" لە نێـــوان ئەو هێزانـــەی کە بەشـــداری هێرش بۆ سەر شـــەنگاڵ بوون، دابەش کراون.

ڤیان دەخیـــل، نوێنـــەری ئێزدییەکان لە پارلمانـــی عێراقدا، بە ڕادیـــۆ ئۆرووپای ئازادی وتووە کە "دەوڵەتی ئیسلامی" نزیك بە ٢٥ هەزار کچی ئێزدیی ڕفاندووە.

## کێری: گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵناپەسێردرێن

جـــان کێری، وەزیری کاروبـــاری دەرەوەی ئەمریکا وتوویەتی کە وڵاتەکەی لە ئێستادا گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵناپەســـێرێت چونکوو بە وتـــەی ناوبراو، ئەم گەمارۆیانە بۆ بەردەوامبوونی دانووستانە ناوکییەکان، پێویستن.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ئاسۆشـــەیتێد پرێس، جـــان کێری، چوارشـــەممە ٢٢ی ئۆکتۆبر لە ئاڵماندا و لە کۆنفرانســـێکی ڕۆژنامەوانیـــدا لەگەڵ فرانك واڵتێـــر ئێشـــتان مایـــەر، وەزیـــری کاروباری دەرەوەی ئاڵمـــان وتـــی: " ئێمە لە ئێســـتادا گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵناپەسێرین، چونکـــوو تاکـــە ڕێـــگای گونجاو بۆ بەردەوامبوونی دا نو و ســـتا نە ناوکییەکان لەگەڵ ئـــەم وڵاتـــەدا بە ئەژمار دێن".



ناوبـــراو هەروەها بە هێما کـــردن بەوەیکە دەوڵەتی ئەمریکا وتووێژێکی تێر و تەســـەل لەگەڵ کۆنگرەی ئەم وڵاتە لەســـەر دۆسیەی ناوکی ئێران بەڕێوە دەبات، وتی:" دەوڵەت ڕێز دادەنێ بۆ بڕیاری گۆنگرە لەمەڕ ئێران".

ئێـــران و گرووپی پێنج زێدە یـــەك ڕێککەوتوون کە مۆلەتی دانووســـتانەکان تا ڕیکەوتی ٢٤ی نوامبر بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی پۆخت بە ئامانجی چارەسەری هە میشـــە یی دۆســـیەی ناوکی ئێـــران درێـــژ بکەنەوە.

ڕۆژئاوا، ئیران بـــە هەولـــدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چـــەك و چۆلی ناوکـــی تۆمەتبار دەکات. هـــەر بۆیـــە کۆمەلـــێ گەمـــارۆی لـــە دژی ئـــەم وڵاتە پەسەند کردووە.

## پەیڤ

### ناهید حسێنی

کاتێـــك ڕۆژێکی جیهانی بـــۆ توێژێکی دیاریکـــراو تایبەت دەکرێت، لەخۆیدا هەڵگری مانا و ڕەخنەیەکـــی کۆمەڵایەتییە لە دیاردە و تێڕوانینێکـــی کۆمەڵایەتـــی کـــە بازنەی چالاکیی ئـــەو توێژەی بەرتەســـك کردۆتەوە و بە گشـــتی کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی ژیانیـــان دانـــاوە. ڕۆژە جیهانییەکان لە وڵاتە پێشـــکەوتووەکاندا بە کردەوە کاریان بۆ دەکرێت و دەســـەڵاتەکان لەبەرامبـــەر ســـڕینەوەی ئاسەوارەکانی هەرچەشنە هەڵاواردنێك کە زەربە لە توێژێکی تایبەت بدات، خۆیان بە بەرپرس دەزانن. بە پێچەوانەشەوە لە وڵاتە دواکەوتوو و نەریتییەکاندا، دەســـەڵات خۆی دەبێتە بەشێك لە چەوساندنەوە و هەڵاواردن و بزوێنەری بیرە بەرتەسکەکان.

یەکێـــك لـــەو ڕۆژە جیهانیانـــە ڕۆژی جیهانیی کچانـــە. خەونی کچانـــە بینین و کچانە بیـــر کردنەوە لەمێـــژە کچانی وڵاتی ئێمەیان بەجێ‌هێشـــتووە و بەها و ئەرزشەکانی کچەکانمان لـــە تایبەتمەندییە کچانەکانەوە کە پێویستیی تەمەنی خۆیانن گۆڕدراون بۆ بەها و تایبەتمەندیگەلێك کە داسەپاوی کۆمەڵگایەکی جەنگ و بـــەڵا لێـــدراوە. ١١ی ئۆکتۆبر لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بۆتە ڕۆژێك بۆ وەدی هێنانی خولیا و حەز و خەونەکانی کچان، ئاوڕ دانەوە لە کـــەم و کووڕییەکانیان و هەوڵدان بۆ نەهێشتن و ســـڕینەوەی ئەو کەم و کووڕییانە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و بە تایبەتی لەم ناوچەیەی کـــە جوگرافیـــای پارچەکراوی کوردی تێـــدا هەڵکەوتووە، کچـــان نەك هەر ســـەرەتایی ترین مافەکانیشـــیان نەپارێزراوە بەڵکـــوو ڕۆژ نییە برینێکیـــان بەرنەکەوێ و زامێك تا سەر ئێسقانیان ڕۆ نەچێت.

هێشتا زامی کچە قوتابییەکانی شیناوێ و جەستە و ڕواڵەتە شێوێندراوەکەیان بە ئاگری کەمتەرخەمی و خەمســـاردیی دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێران ســـاڕێژ نەبووە، خەمی دیاردەی قێزەونـــی پڕژاندنی تێزاب بـــە دەم و چاوی کچان و چاوە بێ سۆماکانی شۆخان و دەیان و سەدان کیژۆڵەی چاو بە فرمێسك و بێ‌بەشی وڵاتەکەمـــان بەرۆکمان دەگـــرێ. لە ڕۆژی جیهانیی کچاندا، کچانی شەنگالی بریندارمان، لـــە بـــازاری نامرۆڤەکاندا دەستاودەســـتیان پێدەکرێت و ئەوانەشیان کە گەڕێندرانەوە، لە تاو دەرد و ئازار، خۆیان لە چیاکانی شـــەنگالەوە بەردایەوە و بوونە قوربانیی چارەنووســـێك کە هەرگیز نووسینەوەی لە دەستی خۆیاندا نەبوو. کچانی کۆبانێ سینگیان ناوە بە بەر گوللەوە و بەرگری لە ئـــاو و خاکی باب و باپیرانیان دەکەن. کچانی باشـــوور و ڕۆژهەڵات بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان کردۆتە بەر و چەکی پارێزگاری لە نیشتمانیانیان کردۆتە شان.

بە دڵنیاییەوە هەموو کچانی دونیا و لەوانە کچانـــی کوردیش بە هەزاران خەون و خولیای ڕەنگینیان لە دڵدایـــە. بەڵام ڕۆژی جیهانی کچـــان و بەرگری کـــردن لـــە تایبەتمەندی کچانەیـــان، بـــۆ کچانـــی وڵاتەکـــەی ئێمە خەونێکی دوورەدەســـت و وەدی نەهاتووە. بەو هیوایەی ڕۆژێك دابێ کە کچانی ئێمەش بیر لە ڕۆژی جیهانیی خۆیـــان بکەنەوە و خەون و ئاواتەکانیان لە وڵاتێکی ئازاد و لە ســـای دەسەڵاتێکی دادپەروەر و دێموکراتدا بێتە دی.

## سپاسنامەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئێوە خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگریی خەڵکی گەمارۆدراوی کۆبانێ هاتنە سەر شەقامەکان و بە باشترین شێوە بەشداریتان کرد و پشتیوانی خۆتان دەربڕی. گەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی زۆری دا لەو خۆپێشاندانە بە قازانجی ڕێژیمەکەی کەڵك وەر بگرێ ، بەڵام وریایی ئێوە کۆمەڵانی خەڵك ، خەونەکانی ڕێژیمی بەتاڵ کرد و ئاواتەکانی بۆ بەدی نەهات. ئێوە بە دروشمی نەتەوەیی، ئازادیخوازی و دژی کۆنەپەرەستی بە پشتیوانی لێبڕاوانەتان لە خەڵکی کۆبانێ خۆپێشاندانەکانتان وەك پێویست بەڕێوە برد. ئێوە زۆر جار نیشانتان داوە لە دۆخە هەستیارەکاندا پاڵپشتی شێلگیر و لێبڕاوی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەتانن. بەم بۆنەوە لەلایەن هەموو ڕێزەکانی دێموکرات و کۆمەڵەوە سپاس و پێزانین دەنێرین بۆ ئیرادەی خەباتگێڕانەتان.

سەرکەوتن هەر بۆ گەلی کوردە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٩ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
١١ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٤ی زایینی

## بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ سەبارەت بە هێرشەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گرووپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هێرشێکی هەمەلایەنەی کردووەتە سەر شاری کوردنشینی کۆبانێ لە سووریە و دەستی بە کوژران و وێرانی کردووە. زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە ترسی کۆمەڵکوژیی ئەو گرووپە، ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە یا ئاوارەی کێو و دەشت بوونە یا پەنایان بۆ وڵاتی تورکیە بردووە کە لەو وڵاتەدا لە دۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین یا لە شاری خۆیان ماونەتەوە و دەستیان داوەتە بەرخۆدان و خۆڕاگرییەکی مێژوویی و هەتا ئێستا نەیانهێشتووە کە ئەو شارە بکەوێتە دەستی تیرۆریستانی داعش. کۆنگرەی نەتەوەکانی فێدرالی ئێران سەرەڕای مەحکووم کردنی کردەوە دڕندانەکانی داعش، هەموو لایەك لە مەترسیی زۆربوونی گرووپە تیرۆریستیی و توندڕەوە ئیسلامییەکان(کە سووننە مەزهەبن و پێڕەوی هێڵی خومەینی شیعەن) ئاگادار دەکاتەوە و هەروەها پشتیوانیی خۆی لە کردەوە دژە هەڵاوەردنەکان و ئازادیخوازنەی هەموو نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆی لە کۆبانی ڕادەگەیێنێت. لەو پێوەندییەدا داوا لە کۆمەڵگای جیهانی دەکەین کە هەرچی زووتر بە هانا و یارمەتیی خەڵکی کۆبانێ بچن هەتا کارەساتێکی مرۆیی کە هەموومان بینیمان دووپات نەبێتەوە. نابێت لە بیر بکەین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆ خۆی ژمارەی پێوانەیی ئیعدامەکانی نیسبەت بە هەژماری حەشیمەتەکەی لە جیهاندا تێپەڕ کردووە. سەرکوت و ئیعدامەکان لە کردەوەکانی داعش کەمتر نەبووە و نییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵانێکە کە بە کەڵك وەرگرتن لە پیلانی نکۆڵی لە شوناس لە هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتی سیاسی ـ فەرهەنگی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران درێژە بە دەسەڵاتی ناڕەوای خۆی دەدات و بە دەستێوەردانە زیادە خوازەکانی خۆی لە عێراق و سووریە و فەلەستین و پشتیوانی لە جینایتکارانی وەکوو بەشار ئەسەد لە ڕاستیدا بەستێنێك بۆ پێکهاتنی گرووپی هاوشێوەی خۆی وەکوو داعش بووە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال
١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ی زایینی
٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی

## نوێنەری حیزبی دێموکرات، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی نورویژی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، عەزیم ئەلیاسی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە نورویژ، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کرد و لەلایەن شاندێکی ٣ کەسی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی نورویژ بە سەرپەرستیی خاتوون ئانەتە ابلسن پێشوازی لێکرا. لەم سەردانەدا هێندێك باس لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی کورد و ناوچەکە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بارودۆخی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت تورکیە و ئێران بە نیسبەت کورد، هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردەکان لە دوو پارچەی کوردستان و بەشداریی کوردەکانی هەموو پارچەکان لە بەرنگاربوونەوەی داعش تاوتوێ کران. لەو سەردانەدا بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات باسی لە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد کە هەر لە سەرەتاوە ویستوویانە شۆڕشی ئیسلامی بۆ جیهان بەتایبەتی ناوچەکە هەنارده بکەن و کاتێك لەو بوارەدا سەرکەوتوو نەبوون ئێستا بە شێوازێکی دیکە ئەم کارە دەکەن و بە کردەوە لە عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان و زۆر لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا بوونیان هەیە.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەڕێوەچوونی هەشتەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی



هەشتەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، ساعت ٩ی بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ی زایینی بە ئامادە بوونی ئەندامانی ئەسڵی و ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی دەستی پێکرد و پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٨ ڕەزبەر کۆتایی بە کارەکانی هێنا. هەشتەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە حاڵێکدا بەڕێوە چوو کە چەند ڕۆژ پێشتر لە ڕۆژانی سێ شەممە و چوار شەممە ٢٢.٢١ی ڕەزبەر سمینارێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشان، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە پێشتر هەیئەتی ئامادەکاری بۆ دیاری کرا بوو، بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری و نوێنەرانی کادر و پێشمەرگە و ژمارەیەك کەسایەتی سیاسیی بەڕێوە چووبوو، لەو سمینارەدا ڕاو بۆچوون و پێشنیارەکانی بەشدارانی سیمینار هاتبوونە گۆڕێ و لە لایەن هەیئەتی ئامادەکاری سیمینار بۆ باس و تاوتوێ کردن لە پلێنۆمدا گەڵاڵە کرا بوون.

پلێنۆم بە دقیقەیەك بە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاش پەسندکردنی دەستووری کاری پلێنۆم بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێکدانەوەیەکی گشتگیری لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان پێشکەش بە پلێنۆم کرد. لە لێکدانەوەی سکرتێری گشتی و لە پێوەندی لە گەڵ ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئاماژە بەوە کرا بوو کە بە دوای هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ موسل و شکانی سوپای عێراق لەو ناوچەیە و دەست بەسەردا گیرانی بەشێك لە وڵاتی عێراق لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران تێکۆشا بە بەشداری خۆی لە شەڕی ناوچەکانی مەخموور و ئازادکردنی ئامرلی و ئامادەبوونی لە بەرەکانی شەڕی جەلەولا و .. نفووزی خۆی لە عێراق لە پێشوو زیاتر بکا و شوێن لە سەر ڕەوتی کێشە و پرسە سیاسییەکانی عێراق بەکردەوە دابنێ. لە پەنا ئەوەشدا هەوڵی ئاسایی کردنەوەی لەگەڵ عەرەبستان دا و دەرەتانێکی لە بارتری بۆ حوسییەکان لە یەمەن ڕەخساند تا لەو وڵاتەدا بەشداری دەسەڵات بن. بەو حاڵەش کاتێك ئیئتلافێکی نێونەتەوەیی لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی ( داعش) پێکهات کە بەر بە کردار و ڕەفتاری دژە مرۆڤانە و پێشڕەوییەکانی ئەم چەکدارانە بگرن، بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو ئیئتیلافە دژایەتی خۆیان بە بوونی کۆماری ئیسلامی لەو چوارچێوەیەدا ڕاگەیاند، لە نێو ئەو لایەنەدا میرنشینەکانی لێواری کەنداوی فارس، تورکیە و چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی دەبینرێن، لە ئاکامدا، کۆماری ئیسلامی لەو ئیتلافەدا ڕێگەی پێ نەدرا. ئەو هەڵوێستە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران وەك بە هێند نەگرتن و دوورە پەرێز ڕاگرتن بە ئەژمار دەهات. جگە لەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێکهاتنی حکوومەتی یەکگرتووی فەلەستین بە سەرۆکایەتی مەحموود عەباس کە ئەگەر بە تەواوی سەر بگرێ نفووزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شوێنەش بەرەو لاوازی دەبا. کونترۆڵی زیاتری سنوورەکانی غەزە لەلایەن میسرەوە کە دەرەتانی ناردنی چەك و چۆڵ و تەقەمەنی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ غەززە بەرتەسك دەکاتەوە لە پەنا دابەزینی پێوەند ییەکانی سودان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەوری ئەو ڕێژیمە لە ناوچە بە پێچەوانەی عێراق کەم دەکاتەوە. پێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیەش بە تایبەت پاش موافقەتی ئەو وڵاتە بۆ هێرش بۆ سەر تیرۆریستەکان و سنوور بەزاندنی سوپاکەی بەرە و عێراق و سووریە، بەرەو ئاڵۆزی چووە، بە کورتی ئەگەر نفووزی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا زیاتر بووە لە شوێنەکانی دیکە بەرەو لاوازی چووە. لە بەشێکی دیکەی لێکدانەوەکەی سکرتێری گشتییدا ئاماژە بە کێشە ئەتومییەکەی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ وڵاتانی ١+٥ کرا بوو، کە تا ئێستاش و پاش ئەم هەموو دانیشتنانە هەروا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە و گۆمان لە سەر ئەو بەرنامەیە هەر لە جێی خۆیەتی. لێکدانەوەکە پڕژا بووە سەر زیادبوونی ڕێژەی ئیعدامەکان و گرتن و ڕاونانی خەڵك لە ئێران و ئەو مەودا زۆرەی لە نێوان بەڵێنی و کردەوەکانی ڕووحانی دێتراون بە تایبەت لە باری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئابووری و ژیانی دژواری خەڵك. لە بواری لە ژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە کرابوو بە دوایین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئێران و ڕاپۆرتی بان کی مون سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پێوەندییەدا. لە لێکدانەوەکەی سکرتێری گشتییدا ئاماژە بە هەڵبژاردنەکانی تورکیە و سەرکەوتنی AKP لەو هەڵبژاردنانەدا کرابوو و شوێندانەری ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە دەست نیشان کرا بوو، هەروەها ئاماژەی بە سیاسەت و هەڵویست و مەرجەکانی تورکیە بۆ بەشداری لە شەڕێ ( داعش) کرابوو کە تا ڕادەیەك نیگەرانیی بۆ ڕۆژئاواییەکان پێکهێنا بوو بەو حاڵەش هیوای ئەوە خواسترا بوو کە کێشەکانی ئەم دوایییانەی تورکیە و مەسەلەی کوردستانی ڕۆژئاوا شوێنی نەرێنی لە سەر ڕەوتی ئاشتیی و چارەسەری مەسەلەی کورد لەو وڵاتە دانەنێ. لێکدانەوەکە باسی لە وەزعی هەرێمی کوردستان و ئەو شەڕەی بەرەوڕووی بۆتەوە و ئەو کێشە و گرفتە چارەسەر نەکراوانەی کە بەغدا بۆی پێکهێناوە و گرفتی زیاتر لە ١/٥ میلیون ئاوارەی کرد بوو، پلێنۆم ڕاگەیاندنی ئامادەیی حیزب بۆ شەڕی دژی (داعش) و پشتیوانی لە هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند و پشتیوانی کەم وێنەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە هەرێم بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد بە گشتی دانا. سووریە و وەزعی کورد لەو وڵاتە و بەتایبەت هێرش بۆ سەر کۆبانێ بڕگەیەکی دیکەی لێکدانەوەکە بوو. لەو پێوەندیەدا پلێنۆم وێڕای دووپات کردنەوەی پشتیوانیی خۆی بۆ خەڵکی کۆبانێ، بەرخۆدانی خەڵك و هێزەکانی بەرهەڵستکار لە کۆبانێ بە دژی هێرشی داعش بۆ ئەو ناوچەیەی بەرز نرخاند و بە خۆڕاگرییەکی شایانی ستایشی زانی و ئاواتی ئەوەی خواست کە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا لەو هەڵومەرجە ناسکەدا لە هەوڵی یەکگرتن و بەیەکەوە بووندا سەرکەوتوو بن. لێکدانەوەکە بە گشتی پاش باسێکی تێر و تەسەل لە لایەن بەشدارانی پلێنۆمەوە دەوڵەمەنتر و پەسند کرا. بڕگەیەکی دیکەی کاری پلێنیۆم تەرخان کرابوو بۆ تاوتوێ کردنی نەزەرات و پێشنیاراتی سمینار و هەروەها وەزعی کوردستانی ئێران و کار و تێکۆشانی دوو ساڵەی حیزب لە هەموو ئۆرگانەکانیدا، لەو بەشەدا وێڕای ئاماژە بە درێژەی سەرکوت و چوونەسەری ڕێژەی ئیعدامەکان، زەبر و زەنگ لە سەر چالاکانی مەدەنی و چۆنییەتی هەڵومەرجی نێوخۆ، کار و تێکۆشانی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب بە جیا، بە سرنجدان بە ڕا و بۆچوونی سمینارەکە کەوتنە بەرباس و دەست نیشان کردنی کەم و کوڕیەکان و هەڵسەنگاندنی ئەو پێشنیارانەی کە بۆ چالاکتر بوون و شوێندانەریی زیاتری حیزب لە ڕەوتی بزووتنەوەدا خرابوونە بەر چاوی پلێنۆم، بەشدارانی پلێنۆم وێڕای بە هێندگرتن و گرینگی دانی تایبەت بەو پێشنیارانە، ڕێگای دروست و شیاوی بۆ دەستنیشان کردن. پلێنۆم لە پێوەندی لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ و ناردنی یارمەتی مرۆڤی بۆ ئاوارەکانی هەر دوو پارچەی کوردستان لە باشوور و ڕۆژئاوای بەرز نرخاند و وێڕای دەستخۆشی لە پێکهێنەران و بەشداریی خەڵك، ئەو خۆپیشاندانانەی بە نیشانەی دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژهەڵات دانا بە تایبەت کە سەرەڕای فشار و هەوڵی ڕێژیم بۆ ئامانجدارکردنی ئەو خۆپیشاندانانە و هەماهەنگ کردنیان لەگەڵ سیاسەتەکانی خۆی ڕێگا نەدرا ئەو هەستە خاوێن و بێخەوشەی خەڵك بە لاڕێدا ببرێ.

پلێنۆم لە بڕگەیەکی دیکەی کارەکانیدا چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە ئەرکە حیزبی و نەتەوایەتییەکان و وەزعی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و پێویستی هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی خستە بەرباس و بۆ هەرکام بە تایبەتمەندی خۆیانەوە ڕاسپاردەی پێویستی دەستنیشان کرد. بەمجۆرە پلێنۆم پاش سێ ڕۆژ کار و بە ئەنجام گەیاندنی دەستووری کاری پلێنۆم، دوا نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٨ ی ڕەزبەر کۆتایی بە کارکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسیی
١٣٩٢/٧/٢٩ی هەتاوی
٢٠١٤/١٠/٢١ی زایینی

## ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی کۆتایی دەورەی پەروەردەیی ژنانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك لەلایەن کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی کۆتایی دەورەی پەروەردەیی ژنانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بەڕێوەچوو. کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا لە ژێر ناوی "پەرەپێدان بە تواناکانی ژن" زنجیرەکلاسێکی کە لە بواری "هەڵوێست وسیاسەتەکانی حیزب، ئەمنیەت، بەشداریی ژن لە سیاسەت، باوەڕ بە خۆبوون، کلتوورسازی و مودیرییەت " پێکهاتبوون، بەڕێوەبرد. پاش کۆتایی پێهاتنی کلاسەکان، ڕێوڕەسمێك بۆ بەشدارانی زنجیرەکلاسەکە و بە ئامادەبوونی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و هەروەها یەکیەتیی ژنان، بەڕێوەچوو. ئەم ڕێوڕەسمە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانیی بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ئامووزشی دەورەکە لەلایەن "فاتمە عوسمانی"ـەوە دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتەوە، لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بە بەشداران کرا. لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا، ڕووناك فەتحی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات چەن وتەیەکی سەبارەت بە ئەو زنجیرەکلاسانە پێشکەش کرد.

## سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئوتریش

ڕێکەوتی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، هیوا بەهرامی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئۆتریش، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ تانیا ویندبوشلێر، وتەبێژی نێونەتەوەیی فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئۆتریش چاوپێکەوتنی پێك هێنا. لەم چاوپێکەوتنەدا چەندین بابەت سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران بە گشتیی و کوردستان بەتایبەتی، هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و ڕۆڵی ئێران لە عێراق و سووریەدا بە وردی باسیان لە سەر کرا. نوێنەری حیزب هەروەها سپاسی هەڵوێستی ویندبوشلێری کرد کە دژ بە سەفەری بەرنامە بۆداڕێژراوی سەرکۆماری ئۆتریشی بۆ ئێران نواندی و ئەو هەڵوێستەی بەرز نرخاند.

## خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆربەی شارەکان بە ڕێپیوان پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی کۆبانێ دەربڕی

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، خەڵکی شاری مەهاباد بە ڕێپیوان پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی لیقەومای کۆبانێ دەربڕی. ئەمە دەستپێکی ڕێپیوانەکانی خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران بوو. ئیلام، کرماشان، سەقز، ورمێ، مەریوان، کامیاران، سنە، دیواندەرە، دێگولان، بانە، ڕەبەت، سەردەشت، بۆکان، ڕوانسەر، جوانرۆ، پاوە، پیرانشار، ئەو شارانە بوون کە ڕێپیوانی مەدەنی و ئاشتیخوازانە تێیاندا بەڕێوەچووە. خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم هەڵوێستە، جینایەتەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعشیان محکووم کرد و پشتیوانی و پاڵپشتیی خۆیان لە خەڵکی کۆبانێ دووپات کردەوە. هەر چەند بەرپرسە باڵاکانی ئیداری و ئەمنییەتیی ڕێژیم ئیزنی ڕێپیوانیان بە خەڵك داوە، بەڵام بە پێکهێنانی لەمپەڕ بۆ بەڕێوەنەچوونی ڕێپێوانەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات،



دەستییان بە هەڕەشە و بانگهێشت و دەستبەسەرکردنی دەیان چالاکی مەدەنی لە زۆربەی شارەکانی کردووە. هەروەها خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی تاران، کرماشان،سنە،ورمێ، تەوریز، شیراز و هەمەدان، پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی کۆبانێ و دژ بە کردەوەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش دەربڕێ. زیندانییانی سیاسیی کورد، شاعیران و نوسەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە مانگرتن لە خواردن و دەرکردنی بەیاننامە و هونینەوەی شێعر، جینایەتەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعشیان محکووم کرد و هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆیان لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ دەربڕی. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گەڵ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە وڵاتانی ئامریکا و ئوورووپا بە ڕێپیوان و نارەزایەتیی پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی خۆراگری کۆبانێ دووپات کردووتەوە.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات سەردانی پارلمانی سویدی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی حەمید تەیمووری نوێنەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوید لە گەڵ ڤالتر موت نوێنەری حیزبی ژینگەی سوید لە پارلمانی ئەو وڵاتە چاوپێکەوتنیان کرد.

لەو چاوپێکەوتنەدا لەسەر دوو تەوەری، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەلومەرجی کوردەکان لە ئێران، وتوویژەکانی وڵاتانی ٥+١ و ڕێژیمی ئێران و دیکتاتۆری و سەرکوت و خەفەقانی ڕێژیمی ئاخوندی لە نێو خۆی ئێراندا، تەوەرێکی دیکەی باسەکە سەبارەت بە کێشەی داعش و جینۆسایدی خەڵکی شنگال و گەمارۆ دانی خەڵکی کۆبانێ بوو.

## سێ زیندانیی سیاسیی کورد مەترسیی گیانییان لەسەرە

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سامان نەسیم خەڵکی شاری مەریوان، بە تۆمەتی ئەندامەتیی لە یەکێك لە حیزبە سیاسییەکاندا حوکمی سێدارەی لە لایەن دادگای شۆڕشی مەهابادەوە بەسەردا سەپاوە. ئەو حوکمە دوای پشتڕاست کردنەوەی لەلایەن دیوانی بەرزی وڵاتەوە، ڕەوانەی لقی ئیجرایی ئەحکامی دادگای شۆڕشی شاری مەهاباد کراوە. لەلایەکی دیکەوە زەینەب جەلالیان زیندانی سیاسیی کورد، لە زیندانی دیزل ئابادی کرماشان کە ماوەی ٧ ساڵە لە دەستبەسەریدایە، لە دۆخێکی جەستەیی زۆر خرابدا بە سەر دەبات و چاوەکانی "گۆشتی زیادە"یان هێناوە. هەوەها خەبات محەممەد زادە کوڕی یوونس، خەڵکی سنە زیندانییەکی دیکەی سیاسیی کوردە کە لە زیندانی شاری سنەدا ڕاگیراوە و بە دەست نەخۆشی گورچیلەوە دەناڵێنێ. خەبات محەممەدزادە لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری سنەوە بە ١٦ ساڵ زیندان حوکم درابوو و دواتر ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە بۆ ٨ ساڵ زیندانی کەم کرایەوە.

## کۆڵبەرێکی کورد لەلایەن هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە کوژرا

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "سەروان حۆسینیی" و خەڵکی گوندی " قامیشەڵە"ی ناوچەی "سەرشیو" ی شاری سەقز، لە شوێنێك بە ناوی "تەنۆر" کە یەکێك لە ناوچە سنوورییەکانی شارستانی بانە لە گەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقە، لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دراوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست داوە. هەروەها ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، هێزەکانی هەنگی سنووریی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەی سەردەشت، تەقەیان لە کاروانی کۆڵبەرانی کورد کردووە و بارەکانیان لێ زەوت کردوون.

## عەدنان حەسەن پوور دوای ٨ ساڵ دەستبەسەریی مەرەخەسی پێدەرا

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، عەدنان حەسەن پوور ڕۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی شاری مەریوان و بە پێشینەترین ڕۆژنامەنووسی زیندانی کراو لە ئێراندا دوای تێپەڕینی ٨ ساڵ لە دەستبەسەریی، سەرەئەنجام ئیزنی مەرەخەسی پێدرا. عەدنان حەسەن پوور لەماوەی دەستبەسەرکرانیدا چەندین جار بە بێ‌هۆکار بۆ زیندانەکانی دیکەی ئێران ڕاگوێزرا. عەدنان حەسەن پوور لە دادگای شۆڕشی شاری سنە دادگایی کراوە و ١٦ ساڵ زیندانیی بۆ بڕایەوە.

## خەڵکی شاروچکەی موورمووری ئیلام، لە بەردەم دەرگای بەخشداری مانیان گرت

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی بوومەلەرزەیەك بە تەوژمی ٥،٦ ریشتەر، شاروچکەی موورمووری هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئیلامی هەژاند. هاووڵاتییانی دانیشتووی بەخشی موورمووری بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی بومەلەرزە لێدراوی ئەو شارە، لە بەردەم بەخشداریی ئەو شاروچکەیە نارەزایەتییان دەربڕی. ناوەندە پێوەندییدارەکانی ڕێژیم کە ئەرکی دابینکردنی خێوەت و ئیمکاناتیان بۆ هاووڵاتییانی بومەلەرزە لێدراو لە وەرزی سەرما و باران دا لە ئەستۆیە، هیچ کەرەستەیەکی پێویست و سەرەتایی بۆ هاووڵاتییان دابین نەکراوە.

## پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی "حاجی ڕەحمان حاجی مەلا" ناسراو بە "ڕەحمان قەباکەندی" پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆچی دوایی کرد. ڕەحمان قەباکەندی پاش بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وەکوو کادرێکی لێهاتوو و چالاك کاروباری حیزبی و ڕێکخراوەیی خۆی دەست پێکرد. "حاجی ڕەحمان حاجی مەلا" ناسراو بە "ڕەحمان قەباکەندی" لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە گەڵ گرووپێك لە پێشمەرگەکانی کوردستان بە سەرپەرەستی محەممەد ئیسحاقی ئیدارەی شاری "میاندواو"یان بە شێوەی هاوبەش لە گەڵ گرووپێك لە تێکۆشەرانی فیرقەی دێموکراتیکی ئازەربایجانی لە ئەستۆ بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری ڕەحمان قەباکەندی تێکۆشەری کۆماری کوردستان دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەی لە دەست دانی ئەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕە بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە هەوشار باوکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی محەممەد ئەمین فەرەجی باوکی شەهید محەممەد فەرجی ناسراو بە "حەمە پۆلا" خەڵکی گوندی بیچاخچی ناوچەی هەوشار بە هۆی نەخۆشی و پیری کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. شەهید محەممەد ناسراو بە "حەمە پۆلا" ڕێکەوتی ٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە دژی داگیرکەرانی کوردستان لە کوێستانەکانی قسقاپان و ئاغدەرە لە لایەن سپای تیکابەوە بە دیل گیرا و ڕەوانەی زیندان کرا. پاش زیاتر لە دوو ساڵ لە ئەشکەنجە و ئازار دانی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئێران سەرئەنجام ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری تیکاب ئێعدام کرا و هەتا ئێستاش گڵکۆی شەهید محەممەد فەرەجی نادیارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس وکاری کاك محەممەئەمین دەکات وخۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە شاری ورمێ دایکی سێ شەهید و هاوسەری شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، "فاتمە حەمیدی" دایکی سێ شەهیدی حیزبی دێموکرات و خێزانی شەهید "سەلیم حەقیقی" لە گوندی "گیسیان" سەر بە ناوچەی مرگەوەڕی شاری ورمێ کۆچی داویی کرد. تەرمی دایە فاتمە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەی مرگەوەڕ و خزم و کەس‌وکاری بە خاك سپێردرا. دایە فاتمە سێ کوڕی بەناوەکانی "خەلیل حەقیقی، تاهیر حەقیقی و سادق حەقیقی" و هەروەها هاوسەرەکەی "سەلیم حەقیقی" شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن. دایە فاتمە ئینسانێکی شۆڕشگێر و وەفادار بە ڕێبازی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بوو و دوای شەهید کرانی هاوسەرەکەی و کوڕەکانی، ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵەکانی کەوتە سەر شانی کە ئەو ئەرکە قورسەشی بە ڕووسووری بەجێ گەیاند. شەهید سەلیم حەقیقی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە دایك بووە. ناوبراو فەرماندە لکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە ڕێکەوتی١٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شەڕی شاری ورمێ شەهید بوو و تەرمەکەی لە "ڕەزوان" بە خاك سپێردراوە. شەهید سادق حەقیقی، ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە ئاوایی "گیسیان" لە دایك بووە و پاش پەیوەست بوونی بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە لە ڕێکەوتی١٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شەڕی شاری ورمێ شەهید بوو و تەرمەکەی لە "گێچە" بە خاك سپێردرا. شەهید خەلیل حەقیقی، ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە دایك بووە، ناوبراو کادرێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە ڕێکەوتی١٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شەڕی شاری ورمێ شەهید بوو و تەرمەکەی لە "ڕەزوان" بە خاك سپێردراوە. شەهید تاهیر حەقیقی، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی "گێسیان" لە دایك بوو، ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٦٢ی هەتاوی لە شەڕی ورمێ لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە دیل گیرا وپاش ئازار و ئەزیتی زۆر ئیعدام کرا و تەرمەکەی لە "گێچە" بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس وکاری دایە فاتمە دەکات وخۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە شاری شنۆ باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، محەممەد پوور محەممەدی ناسروا بە "حاجی دۆمە"، باوکی شەهید "شەریف پوورمحەممەدی" لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە گوندی "سینگان"ی سەربە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو بوو و لەنێو ئاپۆرای کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەدا ئەسپەردەی خاك کرا.

حاجی محەممەد بەهۆی نیشتمانپەروەری و حیزب خۆشەویستی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە زەخت و گوشارێکی زۆری لەسەر بوو و چەندین جار لە ساڵەکانی ١٣٦٨،٦٩ و ٧٠ی هەتاوی دەستبەسەر کرابوو. شەهید شەریف ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە گوندی سینگان لە دایك بووە و پاش پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەماناندا لە دژی داگیرکەرانی کوردستان لە پایگای تەماوان و کانی شەمسەدینی شاری شنۆ شەهید بوو و لە شوێنێك بەناوی "گەڵی گادەران" ئەسپەردەی خاك کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری "حاجی دۆمە" دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری کامیاران ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "ڕۆستەم قوربانی" کوڕی محەممەدعەلی خەڵکی گوندی "بزوەش" سەر بە شاری کامیاران، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ڕۆستەم قوربانی ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی کامیاران بوو و هەر بەو بۆنەوە سێ جار لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا، لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە. تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە و دۆستان و ئاشنایانی لە ئاوایی بزوەش بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری ڕۆستەم قوربانی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# وتووێژی هەفتەنامەی باس ژمارەی ٢٠٩، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**باس - تێڕوانینی ئێوە لەسەر ئەو بارودۆخەی کە هەیە لە ناوچەکە، پێتان وایە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بێت؟**

**مستەفا هیجری:** دەکرێ بە چەند شێوەیەك لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە بەشێکیان بە ئەرێنی و جێگەی هیوایە بەتایبەتی ئەوە کە دەرکەوت کاتێك داعش هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەڵکی باشی لێ وەرگرت بە وەرگرتنی پشتیوانیی سیاسی و نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی، کورد بووە بابەتێکی جیهانی و ڕۆژئاوا و ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی ئەورووپایی و ڕۆژئاوایی یەکگرتووبوون لە بەرامبەر هاوکاریکردنی باشووری کوردستان، لەلایەکی دیکەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەرگرتنی چەکی پێشکەوتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی نەرێنی ئەوەیە کە لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان تەبایی نییە، هەموو لایەکیش دەزانین کە لە دۆخێکی وەهادا یەکگرتوویی نەبێت هەرێمی کوردستان ناتوانێ لە بەرانبەر بەو تەحەدا گەورەیەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەرگە بگرێت، لە بەر ئەوە یەکگرتوویی بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر گرینگە، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر نەکراوە، لە باری سیاسییەوە لەگەڵ ئێران هەماهەنگی نییە، ئێران پێی وایە، بوونی ئەو حکوومەتە کوردییە لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە، هەوڵ دەدات کێشەی بۆ دروست بکات، لێرەشدا کەڵك لە نەبوونی یەکگوتاریی نێوخۆیی وەردەگرێت.

**باس - مەبەستت یەکگوتاریی حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ یەکگرتوویی و یەکگوتاریی حیزبەکان دواجار یەکگرتوویی جەماوەریی و ڕای گشتیی نێوخۆیی لێ دەکەوێتەوە و ئەوەش کاریگەرییە ئەرێنییەکە زیاتر دەکات، بەڵام بەداخەوە تا دێت حیزبەکانی باشووری کوردستان لە بری نزیکبوونەوە لە یەکتری، دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری زیاتر دەبێ، ئەوەش لایەنێکی نەرێنیی گرینگە کە ناحەزانی کورد دەتوانن کەڵکی زۆری لێ وەربگرن.

**باس- ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێ دابەشبوونی حیزبەکانە بەسەر میحوەربەندییە جیهانییەکان، پارتی و گۆڕان ڕوو لە ڕۆژئاوا و یەکیەتیی ڕووی لە ئێرانە، ئایا تا چەند میحوەربەندیی جیهانی، کاریگەری لەسەر پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەبووە؟**

**مستەفا هجری:** ئەوەی تا ئێستا دەبینرێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دابەشی سەر دوو بەرە نەبوون، بەرنامە و پێڕەوەکانیان زیاتر نەتەوەییە، ڕەنگە لە چۆنیەتیی گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان جیاوازی هەبێت، هەندێکیان داوای سەربەخۆیی و هەندێکیشیان فیدراڵیزمیان دەوێت، بەڵام هەموویان ڕوو لەو میحوەرە نەتەوەییەن، ڕەنگە لە ساڵانی ڕابردوودا ئینشیقاق هەبووبێت ئەوەی لە کۆمەڵە و دێموکرات ڕووی دا، بەڵام ئێستا بەهۆی دۆخە هەستیارەکە هەموو لایەك لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش و پرسی نەتەوەیی یەکڕیزی و تەبایی دەبینرێ.

**باس - تاچەند لەم قۆناغەی کە وتتان هەستیارە، پرۆژەی ئەرێنیتان هەیە، یان بە دیوێکی دیکە سەرکردایەتی کورد لە باشوور ڕاوێژی پێ کردون بۆ ئەوەی دۆخەکە لە قازانجی کورد بە گشتی بکەوێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** لە ڕاستیدا سەرکردایەتی باشوور هیچ مەشوورەتێکیان بە ئێمە نەکردووە، بەڵام ئێمە لە پێوەندیەکانمان لەگەڵ حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستان پێوەندیی دۆستانەمان هەیە بەتایبەتی لەگەڵ پارتی و گۆڕان و یەکیەتیی، لە هەرشوێنێکیش لەگەڵیان دانیشتبین قسەمان کردووە و هەوڵمان داوە لە یەکتریان نزیك بکەینەوە.

**باس - دەستپێشخەریتان هەبووە؟**

**مستەفا هیجری:** دەستپێشخەری نا، بەڵام قسەی جیدی و پێویستمان کردووە.

**باس - ئەی سەبارەت بە قەبارەی بەشداریتان لەم شەڕەی داعش، باس لەوە کرا کە پێشمەرگەکانی ئێوە لەبەرەی شەڕن و دواتریش گوترا کە بە داوای لایەنێکی دیاریکراوی سیاسیی کوردستان کشابنەوە، دەکرێت بزانین ئەوە چۆن بووە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە هەمیشە هەڵوێستمان ڕوون بووە و بە حکوومەتی هەرێممان وتووە ئەگەر پێویستتان بە هاوکاریی ئێمە بێت ئەوە لە هەر دۆخێکی شەڕدا ئامادەین، بەڵام بە مەرجێك ئێوە ڕازی بن، چونکە هەمیشە ویستوومانە هێزێکی یارمەتیدەربین لە باشووری کوردستان نە وەکوو تەداخولگەر، ئەوەبوو لە کاتی شەڕەکانی داعش داوامان لێ کرا ئێمەش هێزەکانمان ناردە بەرەی شەڕ، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت داوای کشانەوەیان لێکردین.

**باس - کێ داوای کرد؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو لایەنەی کە داوای کردبوو هێزەکانمان ڕەوانە بکەین هەر ئەو لایەنەش داوای کرد کە هێزەکانمان بگێڕینەوە، بەشێوەی ڕەسمی ئاگەدارنین بۆ ئەو کارە کرا، بەڵام بەشێوەی نارەسمی وێدەچێ لەسەر داوای ئێران بووە کە ئێمە بکشێینەوە.

**باس - بۆچی ناڵێن ئەو لایەنە کێ بووە؟**

**مستەفا هیجری:** چوونکە پێویست ناکات ئەو لایەنە لە حکوومەتی هەرێمە و ئێمەش هەر دوو داواکەمان لێی قبووڵ کردووە، هەر وەکوو وتمان کە دەمانەوێ هێزێکی یارمەتیدەربین لە ناوچەکە نەوەکو تەداخول بکەین، لەو چوارچێوەیەدا ئەوەشمان بە ئاسایی زانیوە.

**باس - پێشمەرگەکانی ئێوە چوونە چ بەرەیەك، لە بەرەی جەلەولابوون یان لە مەخموور؟ لە جەلەولا پاسداری ئێرانیان بینی؟**

**مستەفا هیجری:** پێشمەرگەکانمان لە میحوەری مەخموور و گوێر بوون، بەڵام هێزی ئێران زۆرە لە بەرەکانی شەڕ کە بە ئامانج و هەدەفی خۆی هاتووە، جگە لە پسپۆڕانی تایبەت کە یارمەتیی سوپای عێراق دەدەن، هێزی شەڕکەریشیان هەیە لە ناوچەکە.

**باس - ئەی خوێندنەوەتان بۆ هێزەکانی YPG چۆنە لە باشووری کوردستان، لەکاتێکدا کۆبانێ و ڕۆژئاوا لەو دۆخەدایە؟**

**مستەفا هیجری:** حزووری ئەوان ئەگەر لە باشووری کوردستان لەسەر داوای حکوومەتی باشووری کوردستان بووبێت ئەوە ئەرکێکی نیشتمانیان جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەگەر بۆ خۆیان هاتبن ئەوە ئێمە پێمان باش نییە و بە دروستی نازانین، بە تەداخولکردنی دەزانین، چوونکە ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین هیچ هێزێکی پارچەیەکی کوردستان بە بێ داواکردن تەداخولی ئەوەی دیکە بکات و ناکۆکیی سیاسی لێ بکەوێتەوە.

**باس - ئێستا باس لەوە دەکرێت کە داعش بەهەموو دیوە خراپەکانیەوە، بەڵام دوا بزماری لە تابووتی ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ داوە، کە ئەوەش بە قازانجی گەلی کوردە، ئێوە پێتان وایە دەبێت کورد هەر بەوشێوەی ئێستا کە شەڕ لەگەڵ داعش دەکات بەردەوام بێت یان ڕێگەی دیکەش هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** بە گشتی لەو باوەڕەدا نیم کە کورد هەر شەڕ بکات.

**باس ـ واتە ئێوە دانوستان لەگەڵ داعش بە ئاسایی دەزانن؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ بەستراوەتەوە بەوەی دانوستانەکە تیایدا چی تەعقیب دەکرێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ داعش وتووێژ بکات تاکوو شەڕەکە لە خۆی دووربخاتەوە بۆ خراپە؟، لە هەموو گفتوگۆیەکدا گرینگ ئەوەیە کە تۆ چ سیاسەتێك تەعقیب دەکەی، ئامانج گرنگە لە دانوستاندا.

**باس - ئەگەر بڕۆینە باسێکی دیکە و ڕەنگە بشگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتەی پێشوومان، تاچەند نەخۆش کەوتنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتە دەبێت؟**

**مستەفا هیجری:** پێم وانییە نەخۆشکەوتنەکەی تەئسیری هەبێت، هێندەی ئاگادار بین چارەسەر کراوە، هەر چۆن خومەینی مرد خامنەییش دەمرێ، ئەوەی لەو حکوومەتەدا هەیە، سیستمە، کە بەهاتن و ڕۆشتنی سەرکردەیەك گۆڕانکاری بەرەو دێموکراسی و ئازادییەکان نایەتە کایەوە، چونکە ئەو سیستمە دژ بە بەهاو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە، کەوا بێت هەڵەیە ئەگەر پێم وابێت بە مردنی خامنەیی گۆڕانکاری لێ بکەوێتەوە، ڕەنگە کەسەکان تا سنوورێك کاریگەرییان هەبێت کە دەگۆڕێن بەڵام بەوشێوەیە نابێت کە سیستەم بگۆڕێ.

**باس - ئەی بۆ لە تورکیا ئەردۆغان زۆر شتی گۆڕیوە ؟**

**مستەفا هیجری:** ئەوەی لە تورکیا هەیە دێموکراسیەتێکە، ئەگەرچی تێبینی و لاوازیی هەیە، بەڵام مادام هەیە ڕێگە هەیە بۆ گۆڕانگارییەکان، بەڵام لە سیستمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا کە هیچ بنەمایەکی دێموکراسی نییە، کەسەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە.

**باس — کەوا بێت هەر ئەوە هۆکاری ئەوەیە کە ئێوە ئامادەی دانوستان نین لەگەڵ ئەو سیستەمە؟ ئایا هیچ دەستپێشخەری هەبووە لە لای ئێوە، یان ئەوان؟**

**مستەفا هیجری:** سەردەمێك لە دوای تەواوبوونی شەڕی عێراق و



**پەژاک حیزبێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لە p.k.k، حیزبێکی کوردستانی ئێران نییە، بەڵکوو حیزبێکی شوێنێکی دیکەی کوردستانە، لەو دانیشتن و هاوبەشیانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات شوێنێک بۆ پەژاک نییە.**

ئێران، کۆماری ئیسلامیی ئێران داوای دانوستانی لێکردین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئاشتی چارەسەری کێشەی کورد بکرێت، ئەوە بوو دوکتور قاسملوو لەگەڵ وەفدێکی ئێرانی لە ڤییەنا دانیشت و تیرۆر کرا، لە بەر ئەوە ئێمە هیچ دەستپێشخەریەکمان بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو سیستەمە نەکردووە، چونکە لەو باوەڕەداین کە لەو کۆمارەدا مافی کورد جێبەجێ ناکرێت و ئازادی و دێموکراسی دەستەبەر نابێت.

**باس- ئەی کەوا بێت ئێوە چاوەڕێی چین ؟ لە کاتێکدا دۆخی شەڕیشتان نییە.**

**مستەفا هیجری:** ئەگەر بە قووڵی بڕۆینە نێو خەباتی گەلی کورد لە مێژووەدا تاکوو ئێستا، کورد لە مێژووەدا قەت نەیتوانیوە حکوومەتی ناوەندی بگۆڕێت، بەڵکوو ئامادەکاری کردووە بۆ کەڵك وەرگرتن لە دەرفەت، هەر وەکوو ئەوەی کە پارتی و یەکیەتیی دوای خەباتێکی زۆر بەڵام توانیان لە دەرفەتی دوای ڕووخانی سەدام کەڵك وەرگرن و دواتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێك بهێنن.

**باس — کەوا بێت بۆ دەرفەت ئامادەکاریتان کردووە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، چاوەڕوانی دەرفەتین و ئامادەکاریی تەواومان کردووە و لە بواری پێشمەرگایەتیدا کاری تەواومان کردووە.

**باس- پێشتر باستان لەوە کرد کە لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا تا سنوورێکی باش یەکگوتاری بوونی هەیە، بەتایبەتیش لەسەر پرسە نەتەوەییەکە، لەو چوارچێوەیەدا تاچەند پەژاك لە نێو ئەو بەرە یەکگرتووەدایە؟**

**مستەفا هیجری:** پەژاك حیزبێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لە p.k.k، حیزبێکی کوردستانی ئێران نییە، بەڵکوو حیزبێکی شوێنێکی دیکەی کوردستانە، لەو دانیشتن و هاوبەشیانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات شوێنێك بۆ پەژاك نییە.

**باس - واتە بوونی پەژاك لە بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵات نییە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە پێمان وایە هەر حیزبێك لە چوارچێوەی ئەو بەشەدا کە پێکهاتووە دەتوانێ قازانج بگەیەنێ، ئێمە وەکوو حیزبێکی ڕۆژهەڵات نابێت پێمان وابێت لە حیزبەکانی باشووری کوردستان یان هەر پارچەیەکی کوردستان دڵسۆزترین، کەوا بێت دەبێت ئیجازە بدەین خەڵکی ئەو شوێنانە خۆیان بڕیاربدەن، ئەگەر داوای یارمەتییان کرد، ئەوە دەبێت ئێمە هاوکاریان بین نە وەکوو تەداخولی کاروباری سیاسییان بکەین، هاوکاری و یارمەتی بە ئەرکی سەرشانمان دەزانین.

**باس - ئەی سەبارەت بە ئێران بۆچی هێندە ڕژدە لەسەر ئەوەی کە دەیەوێ داعش لە خۆی دوور بخاتەوە، لە بەر ئەوە نایەوێ ئەو دەرفەتە بدات کە ئێوە چاوەڕوانی دەکەن؟**

**مستەفا هیجری:** ئێران نایەوێ داعش لە نێو بچێت بەڵام دەشیەوێ ڕایبگرێت، دەیەوێ داعش هەبێت کە هەرکاتێك پێویست بوو سوودیان لێ وەربگرێت، چونکە داعش سەربەخۆ نییە و ئەجێندای ئێران و عێراق و لەوانەشە تورکیاشی تیا بێت، هەمیشە ئێران دەیەوێ کێشە و شەڕ لە ناوچەکەدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ داعش سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت، لەو چوارچێوەیەشدا ڕێگری لە دەرفەتەکانی کورد دەکات و بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیاو سیستەمەکەی دەپارێزێ.

**باس - باستان لەوە کرد کە هەمیشە ئێران دەیەوێ شەڕ لە ناوچەکەدا هەبێت، پێتان وایە ئێران دەستی هەبوو بێت لە دروستکردنی داعشیش؟**

**مستەفا هیجری:** لەو باوەڕەدا نیم کە ئێران داعشی دروست کردبێت، بەڵام زۆر زیرەکانە دەستی خستووەتە نێو داعش لە ڕێگەی عەوامیلێك لە عێراق و سووریا کە دەتوانێ کاریگەری هەبێت لەسەر ئاراستەکانی شەڕی داعش، بۆ نموونە کاتێك داعش دوای ئەوەی مووسڵی بە دەستەوە گرت، لە ڕووی ئەو هەموو ئیمکانیاتە کە بەدەستی هێنابوو ویستی بڕوات بۆ بەغدا، بەڵام یەك دەفعە بەرەو کوردستان هات، چونکە ئەوانە عەوامیلی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەتیان پێداوە، کە دەیەوێ هەرێمی کوردستان سزا بدات کە باسی سەربەخۆیی دەکرد، بە ئاشکرا یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ئەمیر عەبدوڵاهی گوتی ئەو سیاسەتەی کە حکوومەتی هەرێم گرتوویەتیە پێش ئەگەر بەردەوام بێت پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام دواتر هات بۆ سیاسەتکردن وای دەرخست کە خەمی کوردستانیەتی و هێزی نارد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش.

**باس ـ واتە بە ڕوونی ئاراستەی گۆڕینی شەڕی داعش بەرە و هەرێمی کوردستان ئێران بووە؟**

**مستەفا هیجری:** بێگومان کاریگەری لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر بووە.

**باس - ئەی لەم دۆخەدا تاچەند کۆنگرەی نەتەوەیی گرینگە بۆ یەکگوتاری کورد لە ناوچەکە؟**

**مستەفا هیجری:** بەداخەوە ئەوە دەبوو زوو بوایە، بەڵام ئێستا لەگەڵ دوورکەوتنەوەی لایەنەکان وای نابینم بکرێت، ئەگەرچی ئاواتی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە بەڵام لە ڕاستیدا پێوەندیی لایەنەکان لە ئاستی کۆنگرەی نەتەوەیی نییە، و ئێستا لەسەر دانانی پارێزگارێك لە سلێمانی ڕێك ناکەون ئیتر چۆن دەتوانن لەسەر پرسێکی واگەورە ڕێك بکەون.

**باس - ئەی پێشتر هەوڵێکی زۆر هەبوو، بەڵام گوترا pkk دەیەوێ نیوەی ئەندامانی کۆنگرە سەر بە ئەو بن، ئەوە لەو کات هۆکار نەبوو بۆ دواخستنی کۆنگرە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، یەکەم هۆکار زیادەخوازییەکانی pkk بوو، کە وە درەنگی خست و دواتریش داعش دروست بوو پێوەندیی پارتی و pkk بەرەو خراپتربوون چوو، ئەوانە بوون بە هۆکاریئەوەی ئەو کات نەکرێت.

**باس ـ ئەی تا چەند لەگەڵ ئەوەدان لەم دۆخەدا کورد لە باشوور ڕیفراندۆم بکات و دەوڵەت ڕابگەیەنێ؟**

**مستەفا هیجری:** ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئیمکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت هەیە، بەڵام پێش هەموو شتێك ئیرادەی یەکگرتوویی خەڵکی باشووری کوردستان گرینگە، کە ئێستا ئەو ئیرادەیە نییە، جگە لەوەش سەربەخۆیی دەرهاویشتەی زۆر نێگەتیڤی دەبێت بۆ ماوەی کورت خایەن، گەمارۆی دەکەوێتە سەر و کێشەی بۆ دروست دەبێت، ئەو خەڵکەی کە لە کوردستان دەژین دەبێت ئەو تەحەمولەیان هەبێت، کە ئێستا نابینرێ، لەبەر ئەوە ئەو دۆخەی ئێستا هەیە لەبار نییە بۆ سەربەخۆیی.

**ـ ئەم وتووێژە لە ژمارەی٢٠٩ ی ڕۆژی سێشەممە ١٣٩٣/٧/٢٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١٤/١٠/١٤ی زایینیی هەفتەنامەی "باس" کە لە هەولێر دەردەچێ بڵاو کراوەتەوە.**

# دۆسیەی نەتەوەکانی ئێران، لەسەر مێزی ڕاسپۆتینەکان

سەلام ئیسماعیلپوور

چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران لەو پرسانەیە کە دەکرێ وەکوو نیشاندەری هەرەدیاری پەرەپێدانی سیاسی و ڕچەشکێنی پرۆسەی دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای ئێران ناوی لێ ببرێت.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا و بەتایبەتی پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چ لە لایەن کەس و لایەنەکانی بەناو میانەڕەوتری دەسەڵات و چ لە لایەن هێندێك لە بژاردەکانی ناوەندگەرای دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتەوە کە پەرەپێدانی سیاسی و دێموکراسییان لە ڕیزی سەرەوەی بەرنامە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیان داناوە، کۆمەڵێك هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نێوقەدبڕی پەرەپێدان هاتوونەتە ئاراوە.

خاڵی لاوازی هەموو یان زۆربەی ئەم هەوڵانە ئەوە بووە کە بە پشتبەستن بە یەکێك لە ڕەهەندەکانی پەرەپێدان (بۆ نموونە پەرەپێدانی ئابووری یان ڕێبازی پەرەپێدانی چینی) هەوڵیان داوە تاکوو بەبێ ئەوەی تێچووەکانی پرۆسەیەکی دێموکراتیکی گشتگیر و ڕاستەقینە بدەن، هەم جۆرێك لە پەرەسەندن بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن کە بۆ مانەوەی سیستم و وڵاتەکەیان پێویستە و هەم چڕبوونەوەی دەسەڵات، سامان و دەرفەتەکان لە ناوەندی وڵاتدا بپارێزن.

لەم پێوەندییەدا ناوەندێکی سیاسی، جوغرافیایی، ئابووری و فەرهەنگی وەکوو مێشك و کاکڵی سەرەکیی وڵات و سیستمەکەی پێناسە کراوە کە کۆمەڵێك پەراوێزی ئەمنییەتیی جوغرافیایی، ئابووری، گوتاری و ... وەك توێژەکانی پیواز، دەوروبەری کاکڵی ناوەندییان گرتووە و لە خەسار و هەڕەشە دەرەکییەکان دەیپارێزن.

وەها لێڕوانینێك تەنانەت لە باشترین حاڵەتیشدا پێویستی بە نکۆڵیکردن لە شوناس و مافەکانی ئەو بەشانەی کۆمەڵگایە کە بوونێکی سەربەخۆیان لە سیستم و پێکهاتەی هەرەمیی دەسەڵات، بەهاکان و دەرفەتە فەرمییەکانی کۆمەڵگا هەیە. هەر بۆیە، نەتەوەکان، ئایینەکان، ئایینزاکان، فەرهەنگەکان و ناوچەکانی جیاواز لە کاکڵی ناوەندیی ناسێنەری وڵات ـ نەتەوە، لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانن پارێزەران و گیانبازانێك لە پێناوی ئەمنیەتی کاکڵی ناوەندی (سنوورپارێزانی بەغیرەت) لە بەرانبەر خەسار و هەڕەشە دەرەکییەکاندا بن، لە نەبوونی وەها حاڵەتێکدا وەکوو هۆکاری تێکدان و دژەئەمنیەتی پێناسە دەکرێن و سیستم بۆ سڕینەوەیان وەکوو مەترسییەك هەنگاو دەنێت.

هەڵسوکەوتی ئەمنیەتیی ڕێژیمە ناوەندییەکانی ئێران لەگەڵ پرسی نەتەوە ستەملێکراوەکان و ڕاگرتنی دۆسیەی ماف و داخوازییەکانیان لە سەر مێزی کاری کاربەدەستانی ئیتلاعاتی و دامودەزگا سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکان هەر لەم ڕوانگەیەوە پێناسە دەکرێت. لەم ڕووەوە نەتەوەی کورد وەکوو پێشەنگی ڕێکخستوویی سیاسیی سەربەخۆ لە ناوەند، لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانەوە بە سەر دوو بەشی سپیی پارێزەری ئەمنیەت (کەسانی سەر بە حکوومەت یان بەکرێگیراوانی خۆجێیی) و ڕەشی دژە ئەمنیەتی (ئازادیخوازان، خەباتگێڕانی نەتەوەیی و خەڵك و بژاردەکانی سەربەخۆ لە دەسەڵات کە مەرجیش نیە لە ڕیزی چالاکانی دژ بە ڕێژیمدا بن) دابەش کراون. ئەمە بەو واتایەیە کە هەر دوو لایەن (ڕەش و سپی) دەبێ لە ژێر دەستی دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەتییەکانی سیستمی پۆلیسیی دەسەڵاتدا بن و لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تاقم و ڕوخسارە جیاوازەکانی ڕێژیم لەسەر ئەو مەسەلەیە ناکۆکییەکی بنەڕەتییان لە نێواندا نیە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، مەحموود عەلەوی، وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا وێڕای ئەو بانگەشەیە کە وتوویژیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کردووە، گوتی: "... هەڵبەت لەگەڵ ڕەوتە دژبەر و نەیارەکان دانیشتنمان هەیە کە مەترسییەکانیان بگەیەنینە کەمترین ئاست و وەزارەتی ئیتلاعات لە شوێنێکدا کە بەرژەوەندیە ئەمنیەتییەکانمان پێویست بکەن، دانیشتن و وتوویژ دەکات... لەم دەرفەتانە کەڵك وەر دەگرین بۆ ئەوەی کە ئەوان لە هەڵوێستەکانی ڕێبەر نزیک بکەینەوە".

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بانگەشەیە لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشی هەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەدا وە درۆ خرایەوە، دەبینین کە لە ڕوانگەی وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە، ئامانج لە وتوویژ نەك چارەسەری پرسێکی سیاسی و گەیشتن بە لێکتێگەیشتن و چارەسەرێکی هاوبەش، بەڵکوو کەمکردنەوەی هەڕەشە ئەمنیەتییەکانی ئەو حیزبانە بۆ سەر ڕێژیم و نزیککردنەوەی هەڵوێستەکانیان لە ڕێبەری ڕێژیمە و ئەمەش پەیامێکی ئاشکرا بۆ ئەو کەسانەیە کە لە خولیای کایەی "دووسەر براوە" لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نوقمن (و هەڵبەت لەم نێوانەدا کەڵکی خراپ لە ناوی حیزبە ناسراوەکانی کوردستانیش وەردەگرن).

هەر لەم پێوەندییەدا وتەکانی عەلی یوونسی، یاریدەدەری تایبەتی سەرکۆمار بۆ کاروباری ئێتنیکەکان و کەمینەکان لە وتوویژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی فارس جێگای سەرنجە کە دەڵێت: "سیاسەتەکانی دەوڵەت دەبێ بە جۆرێك دابڕێژرێن کە پێویست بە بەرەنگاربوونەوە نەبێت، سیاسەتی ڕاکێشانی ئێتنیك و کەمینەکان لە ڕوانگەی گشتییەوە، کردەوەیەکی ئەمنیەتییە". ناوبراو لە بەشێك لە لێدوانەکانیدا وێڕای بەراوردکردنی عەبدولمالك ڕیگی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێ: "دەستبەسەرکردنی ریگی یەکێك لە کارە زۆر باش و درەوشاوەکانی ئیتلاعات بوو، دەستبەسەرکردن و بە زیندوویی ڕاگرتنی ڕێبەری گرووپێکی دژبەر کارێکی زۆر گرینگە، بەڵام خۆزگە لە بەڕێوەبردنی حوکمی ڕیگیدا پەلە نەدەکرا و بە زیندوویی ڕایان دەگرت. کەڵکوەرگرتن لە دوژمن، تنیا بەتاڵکردنی لە زانیاری نیە، دەکرێ کەڵکی دیکەشی لێ وەرگیرێت. کارێك کە تورکیا بە دەستبەسەرکردنی ئۆجەلان کردی، هێشتا خەریکە کەڵکی لێ وەر دەگرێت. ڕاگرتنی بۆ ئەمنیەتی نەتەوەیی باشتر لە لەنێوبردنی بوو، هەموو کاتێك دەتوانی حوکمەکە بەڕێوە ببەی، بەڵام هەمیشە ناکرێت کەڵکی ئەمنیەتی لە دوژمن وەر بگری، چوونکە کاتێك لە دەست چوو، ئیتر لە دەست دەرچووە".

ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە بەپێی بەیاننامەی ٢٠ مادەیی مافەکانی ئێتنیکەکان کە لە لایەن مافناسێکەوە ڕاگەیەندرا (نەك سەرهەنگێك)، هێنرایە سەر شانۆ و هەنووکە بە ڕاشکاوی دەڵێ کە سیاسەتی ڕاکێشانی کەمینە و ئێتنیکەکان لە ڕوانگەی گشتییەوە، کردەوەیەکی ئەمنیەتییە و کەڵکوەرگرتن لە ڕیگیی زیندوو وەکوو بارمتەیەکی سیاسی ـ ئەمنیەتی لە کوشتنەکەی بە باشتر دەزانێت و هیچ باکی لەوە نیە کە ناوبراو لەگەڵ یەکێك لە ڕێبەرانی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان بەراورد بکات کە نەك هەر بە دوژمنی کۆماری ئیسلامی دانانرێت، بەڵکوو بە هۆی کێشەکانی لەگەڵ تورکیەی ڕکابەری ناوچەیی ئێران دەتوانێ خاوەنی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەگەڵ ئێران بێت، بەڵام ڕێژیمی ئێران هەر وەك پێشتر باسمان کرد، دۆسیەی کوردی بە گشتی داوەتە دەستی ڕاسپۆتینەکان کە زمانێك بە دەر لە کوشتوبڕ، زەبروزەنگ و بارمتەگرتن ناناسن.



# ڕۆژی جیهانیی مێرمنداڵ

ئیدریس ستوەت

ئەم ڕۆژە لە جیهاندا بۆ ئەوە دیاری کراوە کە گەورەکان بەتایبەت بنەماڵەکان و مامۆستایان و بەرپرسانی هەر کۆمەڵگایەك گرینگیەکی زۆرتر بە مێرمنداڵ بدەن.

مێرمندالانی ئەمڕۆ بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازی مۆدێڕنی پێوەندی کردن بە هاسانی و بە خێرا لەگەڵ هەموو شوێنەکانی جیهان لە پێوەندی دان و لەو پێوەندیەدا ڕێکخراوەکانی مرۆڤ دۆست پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لەو کەرەستە بەهێزانەی پێوەندی کردن، بۆ بردنەسەرەوەی زانیاری و بۆ چالاکی و بۆ بەخشینی تواناکانی خۆیان بۆ جیهانێکی مرۆڤ دۆست کەڵك وەربگرن.

بەڵام سەرەڕای ئەوە کە جیهان و تیکنۆلۆژی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە بەرەوپێشچوون دان بەڵام جیهان پڕە لە نابەرابەری و بێعداڵەتی و لە زۆر وڵاتانی دونیا مێرمندال دەبنە قۆربانیی بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە گۆرەپانی ململانێ و کۆچبەری و چەرمەسەری و کوشتن و بڕین و خوێنڕشتنە و داهاتووی مێرمنداڵ لەم ناوچەیەدا نادیارە. هەر چەند کە مێرمنداڵانی ئەم ناوچەیە هیچ شتێکیان لە مێرمنداڵانی ولاتانی پێشکەوتووی جیهان کەمتر نییە بەڵام باری سیاسی وڵاتان لەم ناوچەیەدا بە ئەندازەیەك نالەبارە کە بەشێك لەو مێرمنداڵانە لە ژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن و ناتوانن تواناکانی خۆیان و ئەنجامی تواناکانی خۆیان پێشان بدەن و دەتوانین بڵێین کە مێرمنداڵ لەم ناوچەیەدا زەرەرمەندترین گرووپی کۆمەڵگایە.

لە ئێرانیشدا دەبێ ئەو ڕاستیە قبووڵ بکەین کە هەتا سیستمێکی دێمۆکراتیك بەدی نەیەت، ڕەوشی مێرمنداڵ هەر وا ئاڵۆز دەبێ و مێرمنداڵ لە ئێراندا لە هیچ ماف و خواست و پێشکەوتنی جیهان بەهرەمەند نابێ. لەو نێوەدا کە کوردستان کەوتووتە نێو ئەو قەیران و ئەو تەنگەژەی کە ئێستا لە ئارادایە، داهاتووی مێرمنداڵ نادیارە بەتایبەت لە کوردستانی ئێران کە زاڵبوونی ئەو سیستمە نادێمۆکراتیکە بە سەریدا زاڵ بووە و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، ڕەوشی مێرمنداڵ لە لووتکەی قەیراندا بووە و ڕەوشەکە ئەوەندە نالەبارە کە نازانرێت داهاتووی مێرمنداڵ بەرەو کوێ دەچێت و چی بە سەریان دێت و دەتوانین بڵێین دۆخیان ئێجگار ئاڵۆزە.



## ڕۆژەڤ

### هەنگاوی زیرەکانە بۆ دێموکراتەکانی هۆنگ کۆنگ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

بابەتێك لە ژێر ناونیشانی "هەنگاوی زیرەکانە بۆ دێموکراتەکانی هۆنگ کۆنگ" لە ڕۆژنامەی والستریت جورناڵ بڵاو کراوەتەوە کە وەك لە ناوەکەی ڕا دیارە باسی خۆپیشاندانەکانی قوتابییەکانی دێموکراتی هۆنگ کۆنگ و چۆنیەتیی سەرکەوتنیان دەکات. لە لیدی وتارەکەدا ئاماژە بە سێ تاکتیکی پێشنیارکراوی نووسەر بە سەرانی بزووتنەوەکە کراوە کە بریتین لە: "یارییەکی درێژخایەنتر، تێکهەڵچوونی کەمتر، بەرەی بەرینتر". لە سەرەتای وتارەکەدا وێڕای ئاماژە بەوە کە دەوڵەتی هۆنگ کۆنگ دواجار ڕایگەیاندووە کە ئامادەی وتوویژە لەگەڵ قوتابییانی لایەنی دێموکراسی و ئەمەش دەرەتانێك بۆ ڕێکخستنەوەی تاکتیکەکانی دێموکراتەکانیش دەڕەخسێنێ، نووسراوە: "سێ حەوتوو نارەزایەتیدەربڕین بۆ خۆی هەوڵێکی مێژوویی بوو. سەدان هەزار کەس هۆنگ کۆنگی خواستی پەیوەستبوون بە نافەرمانی مەدەنییان نیشان دا، زۆر زیاتر لەو دە هەزار کەسەی کە لە سەرەتادا تەنانەت لە لایەن خودی دێموکراتە ڕێبەرەکانەوە چاوەڕوان دەکرا. بوێری، ناتوندوتیژی و ئایدیالیزمیان ستایشی جیهانی بەدواوە بووە. نەوەیەکی نوێی ڕێبەرانی دێموکراتی هۆنگ کۆنگ سەریان هەڵداوە، لاوتر و دیارتر."

نووسەر لەو بڕوادایە کە بزووتنەوەکە، سەرەڕای ئەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەریکە بەلاڕێدا دەچێ و بەرەو توندوتیژی دەکێشرێ کە ئەوەش بزووتنەوەکە کزتر دەکات. دەنووسێ: "بەرپرسانی هۆنگ کۆنگ و سەرۆکەکانیان لە بێجین زیاتر ئەو کاتە وێدەچێ لەسەر ڕیفۆرمی دێموکراتیك سازش بکەن کە بزانن بزووتنەوەی دێموکراسی حەسێبی لەسەر دەکرێ و بە بەهێزی دەمێنێتەوە و بەوەش بێجین ناتوانێ هیوادار بێ بەشێوەیەکی کاریگەر شارەکە بەڕێوە ببات بەبێ ڕازیکردنی داخوازییەکانیان بۆ گۆڕانی دێموکراتیك. دێموکراتەکان لە بەرامبەردا، زیاتر ئەو کاتە وێدەچێ بتوانن ڕاوەستن و پشتیوانی جەماوەری بەدەست بێنن کە داخوازییە ناوچەییەکانیان کەمتر لەبەرچاو بگرن، کە بەوە شارەکە کەمتر دەخەنە مەترسییەوە و بەرەکەیان بەرینتر دەکەن."

نووسەر دواتر بە ئاماژە بە چەند تاکتیکێکی پێشنیاری بۆ دێموکراسیخوازانی هۆنگ کۆنگ کە پێی وایە ڕەچاوکردنیان دەبێتە هۆی بەردەوامی زیاتری بزووتنەوەکە و گوشارهێنانی زیاتر بۆ بێجین، دەڵێ: "لە هەمووی بەکەڵکتر ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکە لەگەڵ کۆبوونەوەی ئەمساڵی سەرانی هاریکاری ئابووریی ئاسیا ـ ئۆقیانووسیی ئارامدا هاوکات بکرێت، کۆبوونەوەیەك کە بە هۆیەوە باراك ئۆباما و سەرانی دەوڵەتانی دیکە لە ١٠ی نوامبردا سەردانی بێجین دەکەن".

نووسەر لە پاراگرافی کۆتاییدا دەنووسێ: "بزووتنەوەی دێموکراسی هۆنگ کۆنگ باشترین ڕووی شارێکی مەزن دەردەخات، بەڵام پێکەوەهێشتنەوەی بزووتنەوەکە لەگەڵ تێپەڕینی کات، پێویستی بە شارەزایی تاکتیکی تایبەتە. بەتایبەت لەو کاتەدا کە بێجین و هاوپەیمانە خۆجێییەکانی دەکرێ ئەو چاوەڕوانییەیان هەبێ کە لە بەکارهێنانی سیحری داوە گڵاوەکانیان بەردەوام بن".

سەرچاوە:
WSJ.com

# ڕۆژێک دێت کە باوی ڕۆژهەڵاتیش بێتەوە

کانیاو

له مێژووی خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانی لە کوردستان بە گشتیی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، زۆرجار خەباتی چەکداری تەنیا ڕێگاچارەی خەبات بووە و دەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردی بە گوێی بیروڕای جیهان گەیاندووە. خەڵکی کورد بۆ بەرگریکردن لە خۆی و شوناسی نەتەوەیی، پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردووە لە بەرامبەر ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار بە سەر ئێراندا. هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێبەری خەباتی میللی – دێموکراتیکی گەلی کورد، لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا، خەباتی چەکداریی وەك تاکتیکێکی خەبات چاولێکردووە، بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران، بە مەبەستی ناچار کردنیان بە هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگ و وتووێژ، بۆ چارەسەرکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

حیزبی دێموکرات لە شەڕی داسەپاو بەسەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەم شەڕی جەبهەیی و هەم شەڕی پارتیزانی لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران تاقیکردووتەوە و زۆر جار ناچار کراوە بنکە و بارەگاکانی بگوازێتەوە بۆ سنوورەکان و ئەو گواستنەوەیە بۆتە بیانوو بۆ هیندێك کەس و لایەن و دەڵێن بە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان شۆڕش و خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە و یان شوێندانەری کەمبووتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی بە کردەوەدا سەلماندوویەتیی کە هەرکات دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ، بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا لە هەموو میتۆدەکانی خەبات کەڵکی وەرگرتووە. ئەو شێوە سیاسەت کردنە بنەما و بناغەی سیاسەتگوزاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. لە مەڕ شێوەکانی خەبات و کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکان لە مێژووی سیاسیی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا، بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە: " بە ئاوڕدانەوەیەکی ورد و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی مافخوازی گەلی کورد، ئەو ڕاستییە سەلماوە کە هەڵبژاردنی هەر شێوازێك لە خەبات و بەرخۆدان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و گەیشتن بە ئازادی و سەربەرستی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو دەرەتانەی بۆ ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی ڕەخساوە. ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان چ لە ئاستی هەرێمی و نێوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی، داخوازە سیاسیی و نەتەوەیییەکانیان بە شێوەی سیاسییانە و لە ڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کوردەوە هێناوەتە بەرباس و دیالۆگ بۆ دابین بوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد، ڕێکارێکی گرینگ بووە. هەوڵەکانی نەتەوەی کورد دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و پەسندکردنی خاڵەکانی ٦٢ ـ ٦٣ ـ ٦٤ ی ئەو کۆنگرەیە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بە مەبەستی گەیشتنی گەلی کورد بە دەوڵەتێکی کوردی لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا و بە تایبەت لە قۆناغی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان یا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، گەلی کورد هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئاشتییەوە بە مافەکانی بگات. ئەزموونی شۆڕشەکانی کورد لە باشووری کوردستانیش لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی پڕە لەو ئەزمونانە. هەر وەها هەڵسوکەوتی دژی کوردی دەسەڵاتدارانی سووریەش لەگەڵ کێشەی کورد لەو وڵاتەدا لە کەس شاراوە نییە. ئەم ئاوڕدانەوە کورتە ئەو پەیامەی بۆ نەتەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی بە دواوە بووە، ڕێگەی وتووێژ گونجاوترین ڕێگەی چارەسەری پرسی کوردە. بەڵام دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستان، سیاسەتی نکۆلی کردن لە شۆناسی نەتەوەیی کوردیان درێژە پێداوە. هەر ئەم سیاسەتە داپڵۆسێنەرە بووە بە هۆی ئەوە ڕۆڵەکانی کورد بە شێوەی چەکداری لە بەرانبەر هێزە دژی مرۆیی و تیرۆریستەکان ڕاوەستێ و پارێزگاری لە خەڵك و خاکی کوردستان بکەن. جگە لەم شێوازە لە بەرخودانیش لە هێندیك قۆناغدا گوشاری نێوخۆیی و هەرێمی و هاوسەنگیی هێز بوونەتە لەمپەڕ لە بەرانبەر شێوەی خەباتی مەدەنیدا". لە لایەکی دیکەوە شێوازی خەباتی مەدەنی، یەکێك لە میتۆدەکانی خەبات و شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بووە و خەڵك لە دەرفەتە ڕەخساوەکان بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی پێویستییان وەرگرتووە.

هەر پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆی بەشێوەی خەباتی مەدەنی، لە ڕێگای ڕێپێوان و مانگرتن و کۆچ کردن لە شارەکان، هاتووتە میدان. لەم ساڵانەشدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنی گشتیی لە ٢٢ی پووشپەڕەکاندا و٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی بۆ مەحکووم کردنی ئیعدامی ٤ تێکۆشەری کورد و هەر وەها هاتنە سەر شەقامی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خۆشی و ناخۆشییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا و باکووری کوردستاندا، نموونەی بەرچاوی خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. سەبارەت بە خەباتی مەدەنی و بە هانا هاتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە پیر بانگەوازی حیزبی دێموکرات، بەڕێز کاك تیمور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەم شێوەیە لە هەوڵەکانی خەباتی بەردەوام دەدوێت: "دیارە کە باس لە خەباتی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین، دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ڕێژیمێکی فاشیستی مەزهەبی لەم ناوچەیە دەسەڵاتدارە کە کەمترین ناڕەزایەتی بە گوللە و ئاگر و ئاسن و زیندان و ئەشکەنجە وەڵام دەداتەوە، جیاوازە لە گەڵ خەباتی مەدەنی لە چوارچێوەی ڕێژیمێکی دیموکراتیك یان نیمچە دێموکراتیکدا. بەڵام بەم حاڵەشەوە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەر دەرفەتێك کە بۆیان لوابێ ویستەکانی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتداران و ئاگاداری ڕای گشتیی گەیاندووە. لەم پێوەندییەشدا بێگومان حیزبی دێموکرات شوێندانەرییەکی تایبەتی هەبووە، بۆ وێنە لە ساڵڕۆژەکانی شەهید کرانی دوکتور قاسملوودا لەسەر داوای حیزبی دێموکرات دووکان و بازاڕەکانی بەشێکی زۆر لە شارەکانی کوردستان دادەخران و چالاکی جۆراوجۆر بەرێوە دەچوون، وەك دوا نموونەش ڕژانە سەر شەقامی خەڵك سەبارەت بە داواکارییان بۆ بە هانا چوونی خەڵکی گەمارۆ دراوی کۆبانی کە هەر چەند ڕێژیم ویستی ئاراستەی ڕێپێوانەکان لە چوارچێوەی دروشمە دیاریکراوەکانی خۆیدا بەڕێوە بچن، بەڵام خەڵکی وشیاری کوردستان لەو شوێنانەی بۆیان ڕەخسا، بۆ جارێکی دیکە دروشمەکانی خۆیان بەرز کردەوەو، دروشمی درود بر قاسملوو، مەرگ بۆ دیکتاتۆر، نەمان بۆ تیرۆریزم، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شوێندانەری حیزبی دێموکرات لەو خەباتە ئازایانەدا" هەر وەها لە مەر قسەی ئەو کەسانە، کە باسی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، ڕەخنە لە حیزبی دێموکرات دەگرن کە حیزب، سیاسەتی چاوەڕوانی ڕووداوەکانی هەیە، بەڕێز محەممەد نەزیف قادری لە سەر هەڵبژاردنی شێوەکانی خەبات کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ و سەربەخۆیی سیاسیی و بڕیاردان لە حیزبی دێموکرات وتی: "هەڵبژاردن و گرینگی دان بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری، ڕێگایەکە کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو مەیدانەدا دەور و ڕۆڵی مێژوویی دەگێڕن. هەر وەها چالاکڤانانی مەدەنی ئەم بوارە، بوونەتە هێزێکی حاشاهەڵنەگر لەم شێوە خەباتەدا. پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات سیاسەتیی چاوەڕوانییان لە پێش گرتووە. لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێراندا ڕۆڵ و شوێندانەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر قۆناغێکی خەبات بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکاندا فاکتەرێکی سەربەخۆ بووە و لەسەر ئیرادەی گەلی کورد بە پشتبەستنی بەو هێز و وزەیە کە لە نێو تێکۆشەرانی کورددا هەیە، بەرنامەی کار و شێوازی خەبات و سیاسەتی خۆی داڕشتووە. هەر لەسەر ئەم ڕێڕەوەیش درێژە بە خەبات ئەدا و لە هەر دەرفەتێکیشدا ئەرك و ڕەسالەتی خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر ئەگەرێك بەڕێوە دەبا و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە کردەوە نیشانی داوە. ئەو ڕێبەرییەی کە لە هەموو بارودۆخێکدا لە سەنگەری خەبات و قوربانیدایە بەپێچەوانەی ئەو کەس و لایەنانە کە هەڵگری دروشمی بێ بنەمان، پێڕەوی لە سیاسەتێك دەکا، لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرەوپێش چوونی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ. حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدا بووە، هەموو شێوەکانی خەباتی تاقیکراوە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا کە لە خزمەتی ئامانجەکانی گەلی کورددا بووە. بۆ حیزبی دێموکرات بە پێی بارودۆخی سیاسیی گونجاو جێی سەرنجە. لەم بارودۆخە هەستیارەیشدا دیاریکردنی هەر شێوە خەباتێك دەبێ پێوەرەکانی لە خزمەتی گەشە کردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ". لە گەرمەی شەڕ و بەرخۆدان لە شاری کۆبانی، خەڵکی کوردستانی ئێران لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و چالاکانی مەدەنی و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، بە نیشانەی پشتیوانی لە خەڵکی خۆڕاگری کۆبانی لە بەرانبەر چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێپێوانیان کرد و گرووپی تیرۆریستی داعش و هاوبیرانی داعشیان مەحکووم کرد. هیندێك کەس بە ئەنقەست ئەو ڕووداوانە نابینن و یان بۆ ڕەزایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڵێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕش نییە و ڕووداوەکان چەواشە دەکەن. بەڕێز تیمور مستەفایی لەمەڕ ئەو کەسانەی کە دەڵین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕش ڕاوەستاوە و یان شوێندانەری نەماوە، ئاو وەڵامیان دەداتەوە: "ئەوەیکە جار و بار لێرە و لەوێ لە زاری کەسانێکەوە دەیبیستن کە شۆڕش لە کوردستانی ئێران وەستاوە یان هەرنەبێ شوێندانەری ئەوتۆی نەماوە، جێگای داخ و سەرسوڕمانە. بە بڕوای من ئەم دەربڕینە دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو تاك و کەسانەوە کە بۆ ڕەزایەتی کۆماری ئیسلامیی دەیانهەوێ شۆڕشی کوردستانی ئێران بەو هەموو ڕابردووە پرشنگدار و خاوێنەوە بکەنە قوربانی سیاسەتە هەڵەکانیان، دەنا چۆن دەکرێ شوێندانەریی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەبینین، ئەمە لە کاتێکدایە وەزیری ئیتلاعاتی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ دانی بە کاریگەری و ئامادە بوونی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دادەنێ و نییەتی ڕێژیم بۆ کەمکردنەوەی شوێندانەری ئەو حیزبانە ناشارێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هاتنە سەر کارییەوە، سیاسەتی تواندنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی گرتووەتە بەر. لە دوایین ڕێپێوانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی پشتگیری کردن لە خەڵکی گەمارۆدراوی کۆبانی بە بەرز کردنەوەی دروشمی "کۆبانی کوردستانە، دێموکرات ڕێبەرمانە"، "داعش دژی کوردانە هاوپەیمانی تارانە"، ئاماژەیەکی ڕوون بوون بە شکستی تواندنەوە و وەڵامێکیش بوو بۆ ئەوانەی بە هەر هۆیەکەوە دەیانهەوێ بە بێژەنگ بەری خۆر بگرن". خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەیان جاری دیکەش لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنە سیاسییەکانی دیکە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان هاتوونە سەر شەقام و هاودەردییان کردووە. هەر وەها هەر لەو دەرفەتانەدا داخوازییەکانی نەتەوەی کوردییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز کردوەتەوە و زۆر جار لە لایەن هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵك لە خوپیشاندانەکاندا شەهید بوون و یان تووشی گرتن و زیندان و ئیعدام بوون. قووڵبوونەی پرسی شوناس لە کوردستانی ئێران تەنیا گرێدەراو بەم ساڵانە نیە، بەڵکوو ئەم پرسە مێژوویە. بەڵام لەم ساڵانەدا بە هۆی کۆمەڵە هۆکارێکەوە شوناس و هەستی نەتەوایەتی و ڕادەی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندا بووە. بە مانایەکی دیکە کەڵەکەبوونی ویستی شوناسخوازنەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و وەڵامندانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد، وای کردووە پرسی شوناش و هەستی نەتەوایەتیی شوڕ بێتەوە بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر بۆیە خەڵکی کورد لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانی کەڵك وەردەگرن. لەم ڕوانگەوە، قووڵبوونەوەی پرسی کێشەی کورد بە مانای بوون و حوزووری شۆڕش و خەباتی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆیە دەتوانین ئەمە وەك ئامادەبوونی بەستێنی خەبات و شۆڕش ببینین. هەبوونی بەستێنێکی ئاوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای کردووە کە هەستی نەتەوایەتیی بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی. بە گشتیی، نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە هەر هەلومەرجێکدا شێوەی خەباتی خۆی، خۆی دیاری دەکا، کە لە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خەباتێك شوێندانەرتر و بەرهەمی زیاتری بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. بۆیە هەمیشە ناسینی درووستی هەلومەرج و دەرفەتەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە پەنا ئەوەش دەست نیشانکردنی شێوەی خەباتی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجەکان، بۆ چوونە پێشی ڕەوتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سیاسەتی واقیعبینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. لە کۆتاییدا ئاخۆ گومانی ئەوە ماوە کەس یان کەسانێك بە ئەنقەست و یان بۆ ڕەزایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڵێن شۆڕش و خەبات لە کوردستانی ئێراندا لە ئارادا نییە؟ لە هەلومەرجێکدا ڕۆژانە بە دەیان کەس لە چالاکانی سیاسیی و فەرهەنگی تووشی گرتن و زیندان و ئیعدام دەبن. شۆڕشێك ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە کە نەخشەی سیاسەتی قەیران خوڵقاندنی ڕێژیمی ئێرانی هەژاندوە و سەنگەری شۆڕش و خەباتی تا ئاستی وەجوڵە خستنی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بۆ داوا کردنی ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانیان بەرینتر کردووەتەوە.



# بەردەوامیی نرخی نەوت لە پێناسە کردنی ژئۆپۆلتیکدا

و: کەیهان یووسفی



ماڵپـــەڕی ئینگلیزی STYATfov شـــرۆڤەیەکی سیاســـی لە ژێـــر ناوی "بەردەوامیـــی نرخی نەوت لە پێناســـە کردنی ژئۆپۆلتیکدا" بڵاو کردووەتەوە کە وەرگێڕانەکەی لە خوارەوە دێت.

نرخی نـــەوت لە لێژایـــی هەڵدێردا بە دابەزینی ٦/٤٪، گەیشـــتە ٨١/٨٤ دۆلار بۆ هـــەر بەرمیلێك - گەورەترین دابەزین لە دوو ساڵی ڕابردوودا. نەوتی خاوی برێنت بە دابەزینی زیاتر لە چوار دۆلار بـــۆ هەر بەرمیلێك لە ڕۆژێكدا، نرخـــی بۆ کەمتر لە ٨٥ دۆلار دابەزی، نرخێك کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ وە تـــا هەنووکە بێ وێنە و نەزمترین نرخی بووە. ئەو فاکتەرانەی کە لە پشتی ئەم دابەزینەوە هەن بریتین لە کەمبوونەوەی داخوازی و بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان، ڕاســـتییەکەی ئەوەیـــە کـــە زۆربەی بەرهەمهێنەرانی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین هیچ مەیلێکیان بۆ کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانیان نییە.

ئێمـــە لێرەدا ئاوڕێك لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە لە ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبرەوە و وردەکارییەکان و هۆکارەکانی پشـــتی پـــەردە کـــە شـــوێندانەربوون لە ســـەر دابەزینی نرخی نەوت و ئەوەێکە چلۆن ئەم دابەزینە دەتوانێت لە ســـەر پێوەندی نەوتـــی وڵاتانی جیهان کاریگەری بێت دەدەینەوە. پێوەری نرخی نەوەتی جیهان، نەوتی خـــاوی برێنتە، کە نرخەکەی لە ڕۆژی پێنج شەممەدا گەیشتە نزیکەی ٩٢ دۆلار و لـــە کۆتایـــی ڕۆژدا بەرز بووە بـــۆ ٩٤ دۆلار، کەمترین نرخی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢وە تا هەنووکە.

بەردەوامبوونی ئەم هەرزان فرۆشیانە یەکێـــك لـــە خێراترین دابەزینـــەکان لە چارەکـــی کۆتایـــی ئـــەم ســـاڵانەی دوایـیـــەدا بووە، نرخی نەوت نزیکە ١٦٪ دابەزیووە.

شـــیمانەی ئەوە دەکرێـــت کە نرخی نەوت پێش لە هەر چەشنە پێشبینییەك بگاتـــە خـــوارەوی ٩٠ دۆلار بـــۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام ئەگەر نرخی نەوت هەر لە دەورووبەری ئـــەم نرخە هەنووکەییدا بمێنێتەوە زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەر تووشـــی زەرەر دەبـــن چونکە بوودجەی خۆیان لە ســـەر بنەمای ئـــەو نرخەی کە پێشـــتر چاوەڕوانییان دەکرد دیاری کردووە. لە ڕاستیدا بازاڕی نەوت زیاتر لە ڕادەی خۆی ســـەرڕێژ بووە، زێدەی بەرهەمهێنانی ئەمســـاڵ نزیك بە ٢٠٠ هزار بەرمیل لە ڕۆژدا بووە. لیبی ڕادەی بەرهەمهێنانـــی خۆی لە ناوەڕاســـتی مانگـــی ژووییە نزیك بـــە ٧٠٠ هزار بەرمیل بەرز کردۆتـــەوە. ئامریکاش بە شێوەیەکی ڕەها پەرەی بە بەرهەمهێنانی خـــۆی داوە، بە پێـــی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی زانیاری وزە بەراورد دەکرێت کە بەرهەمی نەوتی ئامریکا لە ناوەڕاستی مانگی ئاگۆستەوە نزیك بە ٣٠٠ هزار بەرمیل لە ڕۆژدا بەرز بێتەوە و عێراقیش ئەزموونێکـــی بـــەم چەشـــنەی هەیە. وێدەچێت ڕووسیە، ئانگۆلا و نیجرییەش پێشـــتر ڕادەی بەرهەمهێنانـــی خۆیان بەرزکردووتـــەوە. زۆرترین بەرزبوونەوە لە بەرهەمهێنانی ئـــەم دوایییەدا تایبەتە بە باکووری ئامریکا کـــە لە یەك میلیۆن بەرمیلەوە بۆ کۆتایی ئەمســـاڵ دەگاتە یەك و نیو میلیۆن بەرمیل. ســـەرەڕای ئەم زۆربوونە بەرچاوە لە بەرهەمهێناندا، کـــزی داواکاری کڕیارانی ئۆرووپایی و ئاسیایی (بە تایبەت چین) هۆکارێکی گرینگە لە دیاریکردنی نرخی نەوت. لە حاڵێکدا گەشـــەی داواکاری چینیەکان دەتوانێت بەردەوام بێت. داواکاری وڵاتانی گەشەســـەندوو تا ماوەیەك وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. دابەزینـــی نرخی جیهانی نەوت دەتوانێت کێشـــەیەك بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئەندامـــی ڕێکخراوی ئۆپێك و وڵاتانیتر و بەتایبەت ڕووسیە دروست بکات. لە حاڵێکدا نیشانە گەلێك هەیە کە ڕێکخـــراوی ئۆپیك دەیهەوێت ئامانجـــە بەرهمهێنەرەکانی خۆی کەم بکاتەوە کە ئەم هەوڵەش توانایی ئەوەی نییە یان خاوەنـــی یەکبوونێکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەیەکی گەورە و پێویســـت لە بەرهەمهێناندا بە مەبەستی گەیشتن بە خاڵێکـــی دیکە و ئاســـتێکی جێی پەســـەند لە نرخی نەوتـــی بەدواوە نییە (نرخی ســـەرەوەی ١٠٠ دۆلار لە هەر بەرمیلێکدا) . ئەگـــەر نرخی نەوت لە داهاتوویەکی نزیك بگاتە وەها ئاستێك، ئەگەری ئـــەوە هەیە کـــە پێوەندی بە هەوڵدانێکی بچووك لە لایەن ڕێکخراوی ئۆپێکەوە هەبێت.

### ناکۆکی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا

یەکەمیـــن و گرینگترین بەرەنجامی دابەزینـــی نرخـــی نـــەوت دەتوانێـــت کاریگەریی ناکۆکی لە حاڵی گەشەی نێوان ڕووسیە و ڕۆئاوا بێت. بازرگانیی وزە لە ســـەر ئابووری ڕووســـیە زاڵە، بـــە تایبـــەت هەناردەکردنـــی وزە. لە ئەگەر هەر چەشـــنە دابەزینێکی نرخی نەوت گوشـــارێکی ڕاستەوخۆ دەخرێتە ســـەر داهاتـــی هەناردەی ئـــەم وڵاتە و GDP(بەرهەمهێنانـــی ناپوختـــەی نەتەوەیی) ئەم وڵاتە تووشی زەرەرێکی بەرچـــاو دەبێت. بودجـــەی کرێملین بۆ ساڵی ٢٠١٤ لە سەر بنەمای نێوەنجی نرخـــی نەوت بۆ هـــەر بەرمیلێك ١١٧ دۆلار لە زۆربەی ساڵدا دانراوە، بێجگە لە نرخی هـــەر بەرمیلێك ٩٠ دۆلار بۆ چارکـــی کۆتایی ســـاڵ، ئەگەرچی بۆ ســـاڵی ٢٠١٥، بووجەی ئەم وڵاتە دوای مشتومڕێکی فراوانی ڕێبەرانی ڕووسی لە سەر بنەمای هەر بەرمیلێك ١٠٠ دۆلار دیاریکـــرا. لـــە حاڵێکـــدا ڕووسیە خاوەنی پاشکۆ دراوێکی جێی تێڕامانـــە و دەتوانێـــت کەمی بودجەی خـــۆی ئەگەر پێویســـت بێـــت، دابین بکات. بەرپرســـانی پلە بەرزی وزارەتی دارایی ئەم وڵاتە پێشـــبینی ئەو دەکەن کە دابەزینـــی نرخی نـــەوت دەتوانێت ٢٪ی GDP (بەرهەمهێنانی ناپوختەی نەتەوەیی) ئەم وڵاتەی کەم بکاتەوە.

ئەگەرچـــی ڕووســـیە توانایـــی تەحەمۆلکردنـــی کاریگەرییەکانـــی ئابلۆقەکانـــی ئامریـــکا و ڕۆژئاوا لە سەر هەڵوێستەکانی ئەم وڵاتە لەهەمبەر قەیرانی ئۆکراینی هەبووە، لە ڕابردووشدا ڕووسیە بەرەوڕووی هێندێك کەندوکۆسپی چەنـــد کۆمپانیایەکی بۆتـــەوە، لەوانە کۆمپانیـــای ڕووسنەفـــت و داواکاری ئـــەم کۆمپانیایە بۆ هـــاوکاری دارایی لە لایەن ســـندووقی دارایـــی نەتەوەی وڵاتەوە. دابەزینـــی نرخی نەوت و کەم بوونەوەی داهات بۆ بودجەی ڕووســـیە دەتوانێت گۆشـــارێکی زۆر نەخاتە سەر توانایی کرێملیـــن لە قەرەبوو کردنەوەی زەرەرەکانی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر بازرگانیی ڕووســـیە. بە کەمبوونەوەی لە ســـەرخۆی ســـەرچاوەی دارایی لە ئەگەری بەردەوامبوونـــی گەمارۆکان لە درێژخایەنـــدا، کرێملین دەبێت لەوەها دۆخێکدا میانەڕەوانە لە بەرەو پێشچوونی و تویێژەکانی ئاشـــتی لەگەڵ ئۆکراین و لە بەرانبەری خواســـتەکانی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی ئۆکراین و گەیشتن بە ئاکامێك کە کەمبوونەوەی گەمارۆکانی بە دواوە بێت هەڵسوکەوت بکات.

### کێبەرکێ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا

ئەگەرچـــی ڕۆژئـــاوا بـــە دوای ئەوەوەیـــە کە لـــە ڕێگـــەی دابەزینی نرخی نەوتـــەوە بـــەرەوڕووی ڕۆژئاوا بێتەوە، وێدەچێت کـــە ئەمە هەلێك بێت بۆ وتوویژ لەگەڵ تارانی گەمارۆ دراو لـــە مەڕ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ چارەســـەری پلانی ناوکی ئێرانییەکان. بۆ ئورووپا، ئێران و سەرچاوەی گەورەی گازی سروشـــتی ئەم وڵاتە، یەکێك لە بەهێزترین ئاڵترناتیڤەکانی جێی سەرنج و هیوا لە درێژخایەندا لە جیاتی گازی ڕووسیەیە. تاران لەگەڵ گەمارۆیەکی گـــەورەی هەناردەکـــردن بـــەرەوڕووە، کەمبوونەوەی قازانجـــە لاوەکییەکان و چوونە ســـەرەوەی تێچووەکان بە هۆی شەڕی نوێنەرایەتی لە عێراق و سووریە دەتوانێت بەرئەنجامێکی ناخۆشـــی لە سەپاندنی وەستان بە سەر نرخی جیهانی نەوتدا هەبێت.

بەرەو پێشـــچوونەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە گـــەڵ ڕۆژئاوا ڕەنگە ئارام بێت، کە ئەمـــەش تەنیا دەتوانێت گۆشارەکان بۆ سەر تاران لە وتووێژەکاندا زیاتـــر بـــکات. شـــوێندانەرێیەکانی عەرەبستانی سعوودی لە سەر بەشێك لە بازاری جیهانیی نەوت، هەر بەردەوامە و ئـــەم وڵاتە لە کورت ماوە دەرفەتێکی لە بەردەستدایە بۆ ڕاکێشانی متمانەی ئاڵوێری دەرەکی جێی سرەنج و ڕاگرتنی نرخی خواری نەوت بە هیوای وەدرنانی بەرهەمهێنەرانـــی دیکـــەی جیهان لە بازاڕ. هەناردەکردنی نەوتی ســـعوودی، گەورەترین ســـەرچاوەی ئیستراتیژیکی ئـــەم وڵاتەیە و عەرەبســـتان یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بە شێوەی کامڵ بەستراوەیە بـــە قازانجی نەوت. لـــە گەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی گەرمای هاوین و فێنك بوونی هـــەوا و کەمبوونـــەوەی بەکار هێنانی نێوخۆیی، ڕیاز دەستی ئاوەڵایە بۆ بردنە سەرەوەی ڕادەی هەناردەکردنی و تەنانـــەت بۆ هێنانە خـــواری نرخی نـــەوت، هەروەها وێدەچێت کە ئەم کارە، گورزێك بێت لە دەستی سعوودیەکانەوە بۆ جێگرکردنی ئابووری خۆیان لە کورت ماوەدا و بە نیســـبەت ڕەکابەرەکانیانەوە، ڕەکابەرانێك وەکوو ڕووســـیە و بەتایبەت لەگـــەڵ ئێـــران و لـــە داهاتـــوودا لە هەمبەر دەســـەڵاتی داهاتووی وڵاتی سووریەدا. عەرەبستان هەروەها توانایی ئەوەی هەیە، کە ڕێژەیەکی بەرچاو کە خـــۆی حەزی لێ بێت، نـــەوت بەرهەم بێنێت. هەرچەند لـــەم دواییەدا، ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە نەوتی خاوی بەشێك لە بازاڕی شاراوەی مانگی نوامبێر دابین بکات، ڕەنگە ئەمەش ســـیگناڵێك بێت بۆ ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی ئۆپێك کە ســـعوودی بیهەوێت بەدەر لە بەشی دیاریکراوی خۆی، نەوت بەرهەم بێنێت و ئەندامەکانـــی دیکـــەش دەبێت وەها کارێك ئەنجام بدەن. بەڵام ئەمە ناتوانێت هانەیەك بێت بـــۆ وڵاتانی دیکە کە لە بەرهەمهێنانـــی خۆیان کەم بکەنەوە. وا دەردەکەوێت کە زۆربەی بەرهەمهێنەرانی ناوچەی کەنداو هێشتا دەتوانن بە نرخی ٩٠ تـــا ١٠٠ دۆلار بۆ هـــەر بەرمیلێك قازانج بکـــەن، بـــەڵام کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان تەنیا دەتوانێت لە داهاتی ئەوان کەم بکاتەوە.

هەروەها بۆ وڵاتانی پێشـــکەوتوو کە نەوت هاوردە دەکەن، ژاپۆن، چین، هێند و یەکیەتی ئورووپا دابەزینی نرخی نەوت دەتوانێت دەرفەتێك بێت بۆ بە هێزکردنی هـــاوردە کردنەکانیان. بە وتەیەکی دیکە دابەزینی نرخی نەوت دەتوانێت لە کورت ماوەدا لە ئەو گۆشارەی کە بەرەنجامی ئاوســـانە کـــەم بکاتەوە. لـــە حاڵێکدا دابەزینی تێچـــووی وزە لە درێژخایەندا بۆ ئورووپاییەکان زۆر جێی ڕەزامەندییە، ئەوان هەروەها دەتوانن هەڕەشەی وەستان و ناکۆکی دارایی نێوان بانکی ئاوەندی ئورووپا و ئاڵمان چارە سەر بکەن.

سەرچاوە:

stratfor

# وەرزش لە کۆماری ئیسلامیدا

سیامەک بەهمەنی

بڵاوبوونەوەی هەواڵی گەندەڵی لە فووتباڵی ئێراندا، ئەمڕۆ باسی گەرمی ڕاگەیاندنەکانـــی نێوخـــۆی ئێرانە بە تایبەت ڕاگەیاندنە وەرزشییەکان.

ئەگەر پێشـــتر باس لـــە داوەران و ســـازان دەکرا وەك لایەنێکی گەندەڵ، ئەم جـــار ئاماژەکان ڕاســـتەوخۆ بۆ فووتبالیســـتەکانی لیگـــی بەرتەری ئێرانە.

وەك هەموو جارێك بە شێوەی ناڕوون کۆمەڵێك ئامـــار کە ئەمجار لە لایەن ڕێکخراوی (نیزام وەزیفە)ی ئێرانەوە و بڵاو کراوەتـــەوە دەرخەری ئەوەیە کە چەندیـــن یاریزانـــی تیمەکانی لیگی بەرتەری ئێران و لیگی دەســـتە یەکی فووتباڵـــی ئێـــران بەڵگەنامەی تەواو کردنی سەربازیان ڕاستەقینەنییە و ئەم یاریزانانە ماوەی یاســـایی سەربازیان تێپەڕ نەکردووە.

تاکـــوو ئێســـتا ســـاختەکاری لە بەڵگەنامەی مەعافیەتی ســـەربازیی چەند یاریـــزان پشتڕاســـت کراوەتەوە وئێســـتاش بە دواداچوون بـــۆ دەیان یاریزانی دیکە ئەنجـــام دەدرێت. ئەم یاریزانانە بـــۆ وەرگرتنی ئەم بەڵگانە کە ڕاســـتەوخۆ لە ڕێکخراوی (نیزام وەزیفە)ی ئێران وەرگێـــڕاوە، چەندین فرت و فێڵیان بـــە کار هێناوە، وەکوو وەرگرتنـــی مەعافیەتـــی کیفالەت، مەعافیەتـــی دەرمانی یـــان کڕین بە پارەیەکی زۆر و .......هتد.

بە هەر شێوەیە کە ئەم کردەوە ئەنجام درابێت، لە ئێستادا جارێکی دیکە باسی گەندەڵی لە وەرزشی ئێران بووە بە سەر دێڕی هەواڵەکان، بەرپرســـانی ڕێژیم لە هەوڵی ئەوەدان کە بە شـــێوەیەکی کاتی ئەم باســـە بـــە تاوانبار کردنی چەند یاریزانێـــك کۆتایی پێ بێنن و بۆ ماوەیـــەك خەڵك بە هەواڵی تاوانی چەنـــد یاریزانێکەوە ســـەرقاڵ بکەن، بەڵام پاش تەواو بوونی کێشـــەی ئەم جارەش پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئاخۆ گەندەڵی لە وەرزشـــی ئێران بنبڕکراوە یان ئەوەی ئاخۆ بەرپرســـان لە هەوڵی چاکسازی لە وەرزشی ئێراندان؟!

بە کورتی، کێشە بەتەنیا ئەنجامدانی تاوان لە لایەن چەند وەرزشـــکارێکەوە نییە، سیستم کێشەی هەیە، بۆ نموونە دەتوانیـــن ئەم خاڵە بخەینـــە ڕوو بەم پرســـیارەوە کە بۆچی کاتێك باس لە گەندەڵـــی لە وەرزشـــدا دەکرێك بیری خەڵك یەك ســـەر بەرەولای وەرزشـــی فووتباڵ دەڕوات؟

فووتباڵ وەرزشـــێکە کە نەتەنیا لە ئێراندا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهاندا زۆرتریـــن لاینگر و بینـــەری هەیە و ئەمـــەش وای کردووە کە لـــە ئێراندا سرنجی بەرپرسانی ڕێژیم بە تایبەتی لە ئاســـت ســـپای پاســـداراندا بەرەو لای ئەم وەرزشـــە ڕابکێشرێت. بوونی (ئەکبەر غەمخار، مستەفا ئاجۆرلوو، کەریم مەلاحی، ئەحمەد شـــەهریاری، عەلی ساڵحی، غەیاسی راد، شاکری، شـــەفەق، جەعفەری و دەیان سەردار و پلەداری دیکەی ســـپای پاسداران لە ئاســـتی ســـەرەوەی بەرپرسایەتی یانەکانی لیگـــی بەرتەری فووتباڵی ئێران و بەگشتی وەرزشی ئێراندان کە ئەوە وای کردووە کە ئەم وەرزشە بێت بە یەکێك لە سەرچاوەکانی داهاتی سپای پاســـدارانی ئێران. بە دەســـت هێنانی داهاتێکـــی میلیاردی وای کردووە کە سپای پاســـداران وەرزشی ئێرانیش بە تایبەت فوتباڵ بە تەواوەتی میلیتاریزە بـــکات و لـــە قۆرخی خۆیـــدا ڕای بگرێت.

چێ کردنی بەڵگە نامەی نایاسایی و دەستکرد لە لایەن وەرزشکارانەوە بە ئاسانی ئێمکانی نییە، بێگۆمان بە بێ بوونی پاڵ پشتێکی بەهێز کە بتوانێت لە ســـەر دام و دەزگاکانی حکوومەت کارتێکەری هەبێت ئـــەم کارە ئەنجام نادرێت، ئەوەش لـــە ئەمڕۆی ئێراندا ئەوە سپای پاســـدارانە کە دەستی بە ســـەر هەموو وڵاتی ئێراندا گرتووە کە ئەمجـــارەش دەیانهەوێت بە ســـزادانی چەند یاریزانێك کۆتایی بەم ڕیسواییە وەرزشیە بێنن.

لە یەك ڕەســـتەدا: ئەگەر گەندەڵی وەرزشـــی لە ئێراندا وەکوو دارێك سەیر بکرێـــت کە ڕیشـــەی داکوتـــاوە، بە کردنـــەوەی چەند گەڵایـــەك و چەند لقێك ناتوانرێت کە ئەم ڕیشـــەیە وشك بکرێت.



# کەیسی ئەتۆمیی ئێران و دووا ڕۆژەکانی مۆڵەتی دیاریکراو بۆ دانووستانەکان

عارف وەلزی




ئەگەر بێین و چاو لە مێژووی دانووستانە ئەتۆمیەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا بکەین کە زیاتر لە ١٠ ساڵە بەرێوە دەچن، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا هەموو دانووستانەکان هەر یەك شتن و لە یەك دەچن و هەر دووبارە بوونەوەیە، چونکە لە لایەن ڕۆژئاواوە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدرێت کە فشاری هەمەلایەنە بۆ ئێران بێنن تا لەبەرانبەر داخوازییەکانیدا تەسلیم بێت و بە چوکدا بێت و لایەنی دیکەش واتە ئێران، هەوڵ دەدات کە بە هەر شێوەیەك بێت سیمای هاوکاری لەگەڵ لایەنی بەرانبەر واتە ڕۆژئاوا بە گشتی و وڵاتاتی ٥ + ١ (ئامریکا، رووسیە، چین، فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمان)، لە خۆی نیشان بدات، تا بەم شێوەیە بە ستراتێژی کات کوشتن بتوانێت ماوەی دانووستانەکان درێژتر بکاتەوە تا بەڵکوو بە وتەی خۆیان بە "مەنافعی میللی" واتە بەرنامەی تەواوی ناوکی کە بە "حەقی موسەللەم"ی خۆیانی دەزانن بگەن.

دیارە ئەم جارە و لە دووا دانیشتنیشدا کە لە ڕۆژەکانی سێشەممە و چوارشەممە و دواتر پێنج شەممە (٢٢-٢٣-٢٤ ڕەزبەری ١٣٩٣ هەتاوی) لە ڤییەن و لە نێوان هەیئەتی دانووستانی ئێران و وەزیری دەرەوەی ئامریکا و بەرپرسی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا و نوێنەری ٥ + ١ بەڕێوەچوو، سەرەڕای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتن لەسەر هەندێك خاڵی بچووك، وەك دیارە پرسە سەرەکی و جێ ناکۆکەکان هەروا ئاڵۆز و لە جێی خۆیاندا ماونەتەوە و کۆماری ئیسلامیش هەر لەسەر پیتاندنی ئۆرانییۆم سوورە و سەرکێشی دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنیا نیزیك بە مانگێك کات ماوە بۆ دوا مۆڵەتی دیاریکراوی دانووستانەکان لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا.

لە ڕاستییدا بە درێژایی دانووستانەکان و بەتایبە لە یەك ساڵی ڕابردوودا، دەردەکەوێ کە گرێ کوێرەکەی ئەم دانووستانانە ئەوەیە کە، ڕۆژئاوا پێداگری لە سەر کەم کردنەوەی ڕێژەی سانتریفیوژەکان و یا بە واتایەکی تر، دابەزاندنی ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ڕێژەیەکی دیاریکراو و هەروەها ئاستی پیتاندنی دەکات و، کۆماری ئیسلامیش سوورە لەسەر ئەوەیکە، هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك لە ڕاستای ڕێکەوتنی دانووستانەکان، گرێدراوە بە لابردنی یەکجاریی تەواوی تەحریمەکان لە لایەن ڕۆژئاواوە.

دیارە وێدەچێ کە بە گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران حەز بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا لەبارەی کەیسە ئەتۆمییەکەی نەکات، چوونکە لە لایەك بە درێژایی مێژووی دانووستانەکان، هەمیشە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە ئاستەکانی سەرەوە تا خوارەوە، واتە لە خامنەیی ڕێبەری وڵاتەوە بگرە تا هەیئەتی دانووستانی ئێران و سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوە و تەنانەت کاربەدەستانی دیکەی باڵەکانی نێوخۆی ڕژیم، هەردەم لێدوانی جۆراوجۆر و دژبەیەك و تێکدەرانەیان داوە و دەیدەن و لێدوانەکانیان خەبەر لەو ڕاستییە دەدەن کە لەسەر کەیسی ئەتۆمی و سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا، جیاوازی بیروڕا و کێشەی زۆر هەیە، و لە لایەکی دیکەشەوە ئێران هەمیشە پێداگری لە سەر لابردنی تەواوی تەحریمەکان دەکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە تەنیا بەشێك لە تەحریمەکان دەرەنجامی سەرکێشییە ئەتۆمییەکانی ئەم وڵاتەن و بەشەکانی دیکەی دەرئەنجامی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پشتیوانی کردنە لە تێرۆریزم.

ئەوە لە کاتێکدایە کە درێژەدانی پرۆگرامی ئەتۆمی و دانووستان لە سەری کە لە ساڵی ٢٠٠٦وە تا کوو ئێستا بەردەوام و بێ ئەنجامە، جیا لەو خەسارە گەورانەی کە بە دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەی گەیاندووە، زەرەری زۆری نێوخۆییشی بووە، بۆ نموونە ئەگەر بێین و هەڵسەنگاندنێك لە نێوان تێچوو و سوود و ئاسەوارەکانی ئەم پرۆگرامە بکەین، یەکەمجار ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە ئایا جیا لە تەریك کەوتنەوەی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی و دارمانی ئابووری ئەم وڵاتە، لە ڕاستای باشتربوونی دۆخی ژیانی خەڵك و بەرەو پێشبردنی دۆخی سیاسی و ئابووری وڵات، هیچ سوودێك بووە؟ بێگومان نەخێر. چوونکە دوای کارەساتی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، پرۆگرامی ناوکی و دەرەنجامە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی و بە گشتی درێژەدانی، زۆرترین تێچووی بووە و گەورەترین زەربەی لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە داوە.

بێگومان سووربوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەیان و گوێ نەدان بە کۆمەڵگای جیهانی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ ئامانجێکی بە قەولی خۆیان ئاشتیخوازانەی لە پشت نییە و هەر وەك ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەڵێن، ئامانج لێی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمییە، بۆ زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە نێوخۆ و ناوچەکەدا و ئەمەش درێژەی هەمان سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی خومەینییە. بۆیە وەکوو دیارە پێشبینی ناکرێت کە، ئەگەر بێت و دووا مۆڵەتی دیاریکراو بۆ بە ئەنجام گەیشتنی دانووستانەکان واتە ٢٤ی نوامبر (٣ی ئازەر) بێ ئەنجام بە کۆتایی بگات، مۆڵەتی تر دیاری بکرێت و ئەگەریش مۆڵەتی بۆ دیاری بکرێت، ئەوە خۆی پێوسیتی بە ڕێککەوتنێکە. بۆیە کۆمەڵگای جیهانی لەوانەیە ناچار دەبێت بۆ بەچۆکدا هێنانی کۆماری ئیسلامی و ڕێگری کردن لە بەئەتۆمیی بوونی ئەم وڵاتە، پەنا بۆ ڕێچارەی تر کە لە لەوانەیە تەحریم و گوشاری زیاتر و تەنانەت بژاردەی سەربازییش لەخۆ بگرێت، بەرێت.

# قەیرانێک بە ناوی منداڵانی سەر شەقام

عەبباس زەندی
و: فەرشید ئەمینی

شەڕە، لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە شەڕە، بۆ کوێ ئەتوانی بڕۆیت؟ ئاسایش و خۆشی چۆنە؟

پێیەکانم پڕ ئازارن، ڕۆحم نەخۆشە، حەزم لە کایەیە، هەقلی مەقۆ، چەرخوفەلەك و ... چەن جوانە تەنانەت بیریشیان لێ بکەیتەوە.

هەندێ کات لە سەرما تەزێکم پێدادێت و هەندێ کات بە هۆی گەرمای زۆرەوە تینووم دەبێت، هەندێ کات گەرما چاوەکانم و تەنانەت گیانیشم لێ ئەستێنێت!...

بەس هەست بە دڵتەنگی، برسییەتی، نەخۆشی، ترس و گریان ئەکەم و دەیانناسم، لەوانەیە لە جیهانی ئێمەدا بەس ئەوان هەبن، ئێوە شتێك لەمە زیاتر شك ئەبەن؟

لە سەدەی ٢١ لەگەڵ ئەو هەمووە کێشە پێوەندیدارانە بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە هاوڕێین، بە تایبەت کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تەڵاق، تووشبون بە مادە هۆشبەرەکان، بێ سەرپەرەستی، دەرچوون لە یاسا، شەڕ، منداڵانی سەر شەقام و هتد... کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان لە بەرز بوونەوەدایە.

یەکێك لەو گرووپانەی کە لە ژێر کاریگەریی کێشە کۆمەڵاتییەکاندان، منداڵانی سەر شەقامن و سەرهەڵدانی دیاردەی منداڵانی سەر شەقام وەك هۆکارێکی کێشەخولقێن و خەسارێکی جیددی باسی لێوە دەکرێت.

بە میلیۆنان لەوانە لە شار و شارۆچکەکانی جیهان بەرچاو دەکەون، بە تایبەت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە بە ڕوخسارێکی شپرزەوە خەریکی کاری جۆراوجۆری وەك دەست فرۆشی، شیشە شۆردن، بۆیاخ کردن و ... کەوتوونەتە سەر شەقامەکان. بەڵام ئەوەی کە دیارە، ئەوەیە کە هەموویان خاڵێکی هاوبەشیان هەیە و ئەویش بوونیان لە سەر شەقام و خاوەنداریەتیی کەلتووری سەر شەقامە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی وەها منداڵانێك زۆرن. بۆ لە جێگەی ئەوەی کە ئەو هەموو سامانەی ئەم وڵاتە کە لە ڕێگای چەك و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکە و دەیان و سەدان جەنایەتی دیکەدا خەرج دەکرێت، تۆزێك بە فریای ئێش و ئازارەکانی ئەم منداڵانە ناگات؟ لانیکەم با منداڵانی وڵاتانی دیکەش بە دەردی هەندێك لە منداڵانی وڵاتەکەمان نەبەین!

ئەوان کەمترین دەرفەتیان هەیە بۆ پێگەیشتن و گەشەکردن لە بواری سۆزداریەوە.

هەر بەو شێوەی کە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکارگەلی جیاجیا سەر هەڵ ئەدەن و هۆکاری کۆمەڵایەتی، کولتووری، ڕامیاری و ئابووری ڕۆڵێکی زۆر بنەڕەتی لە دەرکەوتنی خەسارەکان هەیە و دیاردەی منداڵانی سەر شەقامیش لەمە بێبەری نیە.

بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا کە زۆربەی دەرگاکان داخراون و یان لەگەڵ بەربەست بەرەوڕوون. ئەوەش ڕاستە ڕەنگە بۆ ئەم منداڵانە لە ئێراندا هەندێك شوێن و ناوەند لەبەر چاو گیرابێت بەڵام بە کام کەرەستە و پەروەردەیەك، هەڵبەت لەوانەیە ئەم منداڵانە لەو شوێنانە زیاتر تووشی کێشە بن نەك پەروەردە و فێر بوون.

بە بوونی مامۆستایان و ڕاهینەرانێك کە خۆیان بە هەزاران کێشە و ئاریشەیان هەیە، دەبێت چاوەڕێی چ جۆرە پەروەردەیەکمان هەبێت، تەنانەت بینراوە کە لە هەندێك لەم ناوەندانە کەڵکاژۆ لە منداڵەکان وەردەگیرێت کە ئەمەش جێگای تێڕامان و بە داخبوونە.

لە سەرجەم ئەو ناوەند و ئۆرگانانەی کە باس لە پەروەردە و بارهێنانەوە ئەکەن، هەر لە هێزە ئینتزامییەکانەوە بگرە تا ناوەندەکانی ڕاگرتن و دادگوستەری و ... بە چاوێکی بەزەیی و تاوانکارانە و بێ حورمەتی لەم منداڵانە دەڕوانن، کە واتە ئەم منالانە چۆن دەتوانن متمانە بەم جۆرە ناوەندانە بکەن، منداڵانێك کە تامی هەزاران دەردیان چێشتووە.

بە چاوێکی حەق بین و دڵێکی ماف **خوازەوە دەڕوانم و بە گوێیەکی حەق بیست ئاگادارییەکم هەیە، ئەڵێن ئەم جیهانە شوێنێکی زۆر جوانە بۆ ژیان، دڵڕەحمی، عیشق بەخشین، خۆشویستنە. چلۆن بڕوا بە دڵڕەحمی بکەم گەر ڕاوەشانی دەستێك و بزەیەك و ڕوانینێکی ئارام بەرێکەری ڕێگام نیە. پێیە ماندووەکانم چۆن ئارامی بێت گەر مەڵهەمی خۆشەویستی و لێدانی دڵێك چاوەڕوانم نیە و چلۆن بڕوا بە ژین و شیرینی ژیان بکەم گەر ماڵەکەم لە سۆز و جوانی خاڵیە.**





# ئاگری ژێر خۆڵەمێش

**بەدرەدین سالّح**

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕە خاوەن پرەنسیپانەیە کە مێژووی ڕزگاریخوازی کورد دەتوانێت شانازی بە بەشی هەرە زۆرییەوە بکات.

دە توانین بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی پراکتیک و دیاریکراو بگێڕینەوە بۆ سەردەمی بزوتنەوەی نەتەوایەتی ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بە بنەما و کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم کلتور و پرەنسیپ و بزاڤە بزانین کە دوای دەیان هەوراز و نشێوی سەخت توانیوییەتی تایبەتمەندی خۆی بپارێزێت.

کۆماری کوردستان وەک قوتابخانەیەکی نەتەوەیی بۆ دەیان ساڵ دوای خۆی ئەوەندە بەهێز و جوان خۆی دەرخست کە جگە لە مێژوو دەیان و سەدان پارت و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حیزبی کە لەم نزیک ٧٠ ساڵەدا لە هەر چوار پارچەی کوردستان درووست بوون شانازی بە کۆمار دەکە ن و خۆیان بە شێوەیەک دەکەنە خاوەنی ئە و مێژووە و بە جۆرێک نانی پێوە دەخۆن.

زۆربەی هەرە زۆری نووسەران لەو بابەتە هەر کامیان لە بواری خۆیدا ، تابلۆی نەققاشی، شانۆ، شیعر ، ڕۆمان ، ئاواز و بەیت و هەستی ئینسانی و سیاسی و هونەری خۆیان دەربڕیوە.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەک نەتەوەییانە ( ئینجا بە بەرنامە یان لە ڕووی دڵسۆزییەوە) ڕەفتاری کردووە کە لاوان و ڕۆشنبیران و چالاکە سیاسی و نیشتیمانییەکانیان خۆیان لە بە شداری و گیان فیدایی هیچ پارچەیەک دوور نەزانیوە و خەمی هەموانیان بە خەمی خۆیان و خۆیان بە خاوەنی بست بە بستی خاکی هەموو کوردستان زانیوە.

ئەم کلتورە تەنیا قسە نییە، پێشوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارزانییەکان لە ڕۆژە سەرەتاکانی کۆماری کوردستان و پێشوازی کردنیان لە ئاوارەکانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و پێشوازییە بێ وێنە و جیهانییەکەیان لە کاتی کۆچڕەو ئەو نموونە جوانانەن کە ناو و واتایەکی دیکەیان بە کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی.

نەتەوەییانە کارکردنی شە هید د. قاسملۆ لە پێوەندییە جیهانییەکانی و هەڵسوکەوتی لە بەرانبەر سیاسەت و دواکارییەکانی ڕێژیمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆردا زۆر ڕاستین کە شانازییەکانی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات دەگەڕێنەوە.

هاتنە دەست و خوێن بەخشینی کوردانی ڕۆژهەڵات لە ڕاپەڕینی خەڵکی باشوور دووبارە یەک چارەنووسی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و بڕوای بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە ڕۆژهەڵات نوێکردەوە .

ئەو کارەساتانەی بە هۆی کوردی خۆفرۆش و لایەنە دروستکراوە گومانلێکراوەکان لە باشوور بە سەر حیزبی دێموکرات و هە ندێک لایەنی دیکەدا هات، زەڕەیەک هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی لەق نەکرد. لە کاتێکدا کارەساتەکان ئەوەندە زەق و بەرچاو و گەورە بوون کە هیچ پاساوێک ناتوانێت بیان شارێتەوە لە چاوی مێژوو.

خوێنی کوردانی ڕۆژهەڵات لە بست بە بستی خاکی هەر چوارپارچەی کوردستان ڕژاوە. ئەم ڕاستیانە لە سەر حسابی هیچ کەس و لایەن و پارچەیەکی دیکەی کوردستان نییە بەڵام پێویستە بگوترێ.

ئەم هەفتەیە کە هەواڵی بوونی چالاکی سیاسی و هەواڵی بوونی پێشمەرگە (کە لە زۆر لاوە هەوڵ بۆ سووک کردنی ناوی پێشمەڕگە لە ئارادایە)، لە بست بە بستی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بە قە د تروسکاییەکانی بوونی پێشمەرگە لە دوای ئەنفال لە باشوور خۆشحاڵی کردووم.

من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە هەموو کورد بە تایبەت باشوورییەکان، لە باشوورییەکانیش بە تایبەت پارتی دێموکراتی کوردستان ئە ڕکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و کوردانەی خۆی بە جێ بگەیەنێ لە:

-گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمی تاران وەک چۆن سە ڕۆکی هەرێم و پارتی ڕۆڵی ئیجابی و گرینگی لە گفتوگۆکانی نێوان ئە نقەرە و قەندیلدا دیت ، لەو نێوانەشدا ڕۆڵی دیپلۆماسی خۆی ببینێت.

-هەموو کوردانی باشوور هاودەنگ بن لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ئەم هاودەنگییەش لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان و فەیسبووک تێپەڕێ بۆ شێوازی هەڵسوکەوتی ئیداری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵات کە نیشتەجێی باشوورن. لەگەڵ ڕێزی زۆر بۆ خە ڵکی باشوور بەڵام ژمارەیەک کاربەدەست و ناوەند و خەڵکی دیار هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵات شایستەی خەڵکی دڵسۆزی ڕۆژهەڵات نییە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بە هۆی بەردەوامی خەباتی ٧٠ ساڵەی و بە هۆی ڕێژەی دانیشتوانی ئەو بەشەی وڵات، گرینگیەکی زۆری هەیە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت.

هەواڵی بوونی چالاکی پێشمەرگە وەک گڕێکی شاراوەی ژێرخۆڵەمێش وایە کە دڵی من و داهاتووی ئەو بەشەی نیشتیمان لە ڕەقبوون و بوون بە سەهۆل دەپارێزێت.

بە هیوام خوێنی هیچ کەسێک نەڕژێ و کوردستان هەر ئاوەدان بێ. سەرانی کۆماری ئیسلامی دوای زیاتر لە ٣٧ ساڵ و بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی کوشتن و تیرۆرکردن و تواندنەوە و ئەو بێزراوییەیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆی سیاسەتی چەوتییان، بەو ئەنجامە گەیشتبن کە کورد بە کوشتن کۆتایی پێ نایێ و زمانی گفتووگۆ کە کورد قوربانیی گەورەی بۆ داوە دوارێگە چارەی ئەم کێشەیە.



## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ محەممەد ڕەزا باهونەر، جێگری سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم ڕایگەیاندووە: "ئێمە بوونەوەری زیندوومان نارد بۆ فەزا و بە زیندوویی گەڕاندمانەوە، کەچی هێشتا نەمانتوانیوە چاکسازی لە ئۆتۆمبیلی"پراید"دا بکەین، چوونکە هەموومان فێری گەندەڵی و ڕانتخۆری کراوین".

هەڵبەت ئەو بوونەوەرە زیندووەی کە "خمارالدولە" دەڵێ ناردوومانە بۆ فەزا، خزمێکی سەرکۆماری ئەوکاتی ڕێژیم بوو کە هەر بە هۆی ڕانتخۆری و خزمخزمێنەی ئەحمەدی نژاد نزیك بوو ببێتە یەکەم ئێرانی کە دەچێتە فەزا و دەگەڕێتەوە، بەڵام نەك هەر لە سەفەر نەگەڕایەوە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا هەر نەگەیشتە فەزا و بە خۆی و عەرەبانە ئاسمانییەکەیەوە وەرگەڕایەوە و بوو بە موسافیری ئەو دنیا. دواتر لە جیاتی ئەو مەیموونە هەژارە، خزمێکی ئەحمەد خاتەمییان هێنایە سەر شاشە و بە زۆر ئیعترافیان پێ کرد کە: "من هەوم گەڕاومەتەوە!"، بەڵام تەنانەت مەیموونەکانیش تێ گەیشتن کە ئەو بەستەزمانە هەو نیە، بۆیە ڕێژیمیش زۆری لە سەر نەچوو و بۆ خۆی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کردە ...ڕی بن گۆم. کەوابوو وادیارە "منقل السلطنە"ی مەجلیس ئەو کاتە بۆ خۆی لە فەزا بووە و مەبەستی لەو بوونەوەرە فەزاییە خۆیەتی، یان لە عالەمی نەشئەبووندا وا تێگەیشتووە کە ئاخوندێك چووەتە فەزا و گەڕاوەتەوە.

ـ بەپێی دوایین فتوای خامنەیی، لەقاودانی گەندەڵییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم حەرامە. دروست تێگەیشتوون! خودی گەندەڵی حەرام نییە، بەڵکوو ئاشکراکردنی حەرامە. کەواتە قەیناکا تا دەتوانن دزی بکەن... مەدیوونن ئەگەر دزیتان پێ دەکرێت و نەیکەن. تا دەتوانن دزی بکەن و بخۆن، بەڵام باسی دزیی یەکتر مەکەن! بە واتایەکی دیکە، ئێوە کاڵەك خۆرن یا بێستان ڕن؟ بێدەنگ بیخۆن و هیچ مەڵێن... سفرەی کەرەمی ئاغا ڕاخراوە و بەشی هەمووتان دەکات. بە کەیفی خۆتان بکوژن و ببڕن، بەڵام باسی بوونی توندوتیژی لە ئێراندا مەکەن، قەیناکا با شارەکان لە بەر پیسبوونی هەوا بخنکێن، گرینگ ئەوەیە ڕۆژنامەکان باسی نەکەن. ئەوەتا ئامولیی لاریجانی، سەرۆکی دەزگای غەزەبییەش کە هێشتا نازانم خەڵکی ئامولە یان لاریجان، دەڵێ : "ئەگەر ڕادەی گەندەڵی بە گەورە نیشان بدەن، بانگ دەکرێنە دادگا". واتە ڕادەی گەندەڵی دەبێ بچووك نیشان بدرێت، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی بڵێن لە هەر ساڵێکدا سی هەزار کەس لە ئێراندا بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیان لە دەست دەدەن کە هێندەی نێونجی کوژراوانی شەڕی ٨ ساڵەیە، بڵێن تەنیا سی هەزار کەس دەکوژرێن کە بە بەراورد لەگەڵ یەك سەعاتەکەی ١١ی سیپتامبری ئەمریکا هەر هیچ نیە.

ـ بەم دواییانە ڕێژیم بە بیانووی ئەوەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا جنێو بە ئیمام و ڕێبەری دەدرێت، دەستی کردووە بە فیلترینگ و سانسۆر و گرتنی چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. من پێم وایە سووکایەتی بە ئیمام و ڕێبەری تەنیا بیانوویەکە بۆ سنووردارکردن و داخستنی فەزای مەجازی، دەنا لە کەیەوە سووکایەتی بە ڕێبەری و ئیمامیش بووەتە تاوان؟ پاشانیش مەگەر تەنیا لە فەیسبووکدا جنێو بە ئیمامی ڕاحل دەدرێت؟ مەگەر شوێنێك هەیە کە باسی ئیمام بکرێت و لانیکەم "گۆڕبەگۆڕ" یان شتێکی لەو بابەتەی بە دوادا نەیەت؟ یان مەقامی موعەزەمی ڕێبەری کە لە سەرانسەری ئێراندا تەنانەت ئاودەستێك شك نابەی کە تێیدا جنێو و سووکایەتی بە ناوی موبارەکی نەنووسرابێت و تاکسی نییە موسافیرەکانی سەروجنێو پێشکەشی بارەگای مەلەکووتیی ئیمام و بەیتی موبارەکی ڕێبەری نەکەن. ئەسڵەن مەگەر لە ئێراندا بە بێ جنێودان بەو دوو زاتە ژیان بەڕێوە دەچێت؟ لە مەدرەسە، زانکۆ، ئیدارەکان، حەفلەکان، سەیرانگاکان و تەنانەت دانیشتنەکانی مەجلیس و دەوڵەتیشدا جنێودان بە ئیمام و مەقامی موعەزەمی ڕێبەری نوقڵی سەر سفرەیە. ئەوە ئیتر بۆ خەڵکی ئێران بۆتە بەهایەکی هاوبەش و خاڵێك بۆ پێکگەیشتن. ئەسڵەن ئەم بابەتە پرسێکی نیشتمانییە وەك پرسی ناوکی و من پێم وایە بێجگە لە حەداد عادڵ و ئایەتوڵڵا عەلەمول هودا کەسێکی دیکە نیە کە بیهەوێ وەسفی ئەم دوو بوزروگەوارە بکات و جنێوێکی لە دەم دەر نەچێت. کاکە گیان لەم بەهەشتەی ئێوەدا هەر ئەوندە ڕۆشنایی بۆ خەڵك ماوەتەوە کە جارجار سووکە جنێوێك بە ڕۆحی مەلەکووتیی ئیمام بدەن. جنێودان بە ڕێبەر و ئیمامی ڕاحل ئیتر بۆ خەڵکی ئێران وەك مافی مرۆڤ، یان مافی ژیان، یان ئازادیی ڕادەربڕین، یان مافی چارەی خۆنووسین نیە کە بتوانن چاوپۆشیی لێ بکەن. کەوابوو، بۆ دەتانهەوێ ئەو مافە بنەڕەتییەیان لێ زەوت بکەن؟ بە ڕاشکاوی بڵێن کەیفمان بە فەیسبووك نایەت. بڵێن حەرامە و لە پێش هەمواندا خودی مەقامی موعەزەم و زەریفەکەی دەبێ ئەکاونتەکەیان دابخەن. ئیدی لە خۆڕا بۆ بیانوو بە خەڵك دەگرن و عەیشیان لێ تاڵ دەکەن؟

# تراژێدی کۆبانێ و چەند سرنجێک

شەماڵ تەرغیبی

لە حاڵێکدا کە هێشتا برینی قەتماخە نەبەستووی شـەنگاڵ لە باشووری کوردستان ساڕێژ نەبووەتەوە و کوردستان بەو هۆیـەوە داخدارە، زامێکی تازە لە ڕۆژئاوای کوردستان، ژانی کەسێکی بـەش مەینەتی بە دوای خۆیدا هێنا. کۆبانـێ وەبەر پەلامـاری گرووپی تیرۆریسـتیی خەلافەتی ئیسـلامی کەوت و لە ئاکامـدا دەیان و هەزاران کەس لە خەڵکی سڤیل تەنیا بە هۆی کوردبوونیانەوە بە ناچاری زێدی باب و باپیرانیان بە جێ هێشت. هەڵکەوتی جوگرافیای ئەم شـارە کوردنشـینە بە چەشـنێکە کە بووەتـە ناوەندێکی ستراتژیك لە ناوچەدا.

کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێگە ستراتژیکە ڕوون دەبێتەوە کە گرتن و لە ژێر کۆنترۆڵ خستنی ئەم شارە بۆچی هێنـدە بۆ دەوڵەتی ئیسـلامی عێراق و شـام (داعش) گرینگ و جێگەی بایەخە، وەك بەڕێز مسـتەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران لـە لێدوانێکدا بۆ کەمپەینی "نا بـۆ ئیعدام" دەڵێ: "بۆ داعش گرینگ ئەوەیە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پێکەوە ببەستێتەوە و بەم شێوەیە سنوورە هەنووکەییەکانی پووچەڵ بکاتەوە تاکوو لەم ڕێگەیەوە لە ڕەوتی هاتوچو گواستنەوەی هێزەکانی خۆیاندا بتوانن بە بێ هیچ کۆسپ و بەربەستێك چالاکی بکەن. داگیرکردنی موسـل لە عێـراق ئـەو ئامانجەی داعشی دەستەبەر کرد. شەڕی داعش لە کوبانێ لە کوردسـتانی سووریە و شەنگاڵ لە کوردستانی عێراق بەشێك لەم سـتراتیژیە سەربازییەو لە پێناوی بەرینترکردنـی ڕێگەکانـی پێوەندی لەگەڵ کوردستانی سووریەدایە".

بەڵام جیا لە باسـەکانی پێوەندیدار بە هـۆکار یان هۆکارەکانی هێرشـە مغـۆل ئاسـاکانی داعش بۆ سـەر ناوچە کوردنشـینەکانی کوردستانی عێـراق و سـووریە، خاڵێکی جێگای تێڕامان کە پێویستی بە لێوردبوونەوەی زیاترە، کێشـەی نایەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی سووریەیە، لە باتی گرتنەبەری ڕێکارێکی گونجاو بۆ ڕزگارکردنـی خەڵك و خاکی ئەم بەشەی کوردستان، سەرقاڵی چەشنێك لە بەرفراوان کردنی دەسەڵات و پاکانە حیسـابی ڕێکخراوەیی و تاکەکەسین. ئەوەیکە لە ئێستادا پێویستە لە سەر هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تاکوو لـە بەرانبەر بارودۆخی کوردسـتانی سـووریە جێ بەجێی بکەن ئەو ئەسڵە سیاسییەیە کە: وێرای پاڵپشتی کردن لە لایەنە سیاسـییە سـەربەخۆکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان چ لە باری ماددی و چ لـە باری مەعنەوییەوە، خۆیان لە دەستێوەرانی بێ جێ نەدەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان قازانجە گشتیی و باڵا نەتەوەییەکان بەفیڕۆ نەدەن.

وەك لـە هەواڵەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی هەرێمی کوردسـتانی عێراقدا باسی ئـەوە کـرا سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان بە مەبەسـتی نەهێشتنی ئەم کەلێن و بۆشـاییە و ڕێکخستنی بەرەیەکـی یەکگرتوو بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە ئەسـتەم و هەستیارەی شاری کۆبانێدا، لە شـاری دهۆك جڤینێکی بـۆ "ئەنجومەنی نیشـتمانی کوردی سووریە" و "پەیەدە" ڕێکخست تا بەڵکوو بتوانن بە شێوەیەکی هاوبەش بڕیار بۆ داهاتـووی ئەم پارچەی کوردسـتان بـدەن و لە هەمـان کاتیشـدا هێز و تواناکانی خۆیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی چەکدارانـی خەلافەتی ئیسـلامی، کانالیزە بکەن. تاکوو ئێستا بە داخەوە ئـەم ڕێککەوتنە سـەری نەگرتووە، ئەمـەش بـەو هۆیەوەیە کـە دەمار گرژی و زیادەخوازییـەکان ڕێگەیان لەوە گرتـووە کە کەتوارەکانی ڕۆژ لە کوردستانی سووریە ببیندرێت.

جگـە لـەم خاڵـەش پرسـی نایەکگرتوویی لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتانی ڕۆژئـاوا و نەبوونـی یـەك گوتاری لە نێوانیانـدا دەتوانێ هۆکارێکی دیکەی بارودۆخی ئێستای زاڵ بەسـەر کوبانێدا بێـت، کە هەم دەتوانێ ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە بگێڕێت و هەمیش شـوێندانەریی نێگەتیڤ دابنێت. بەو واتایـەی کە ئەگەر ئەم هێز و لایەنە ڕەسـەنانەی کوردستانی سووریە کە لە ڕاستیدا هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگای کوردستانن بە یەکگرتوویی و یەك هەڵوێستی ئامانجێکی هاوبەش بۆ خۆیان دیـاری بکەن و هەنگاوی بـە پەلە و کردەیی بـۆ هەڵ بێننەوە. ئەوا دەکرێ هیـوادار و چاوەڕوان بین کە لە داهاتوویەکـی نزیکدا کۆتایی بـە قەیرانـی کۆبانێ بێـت، بەڵام ئەگەر ئەم هاوکاری و یەك گوتارییە ئیستراتیژییەکی نەیەتە ئاراوە و پرش و بڵاوی هەروا زاڵ بێت بە سەر فەزای کار و تێکۆشـانیاندا بە داخەوە دەبێ بڵێین کە بارودۆخی قەیراناوی ئێستای کۆبانێ و کوردستانی ڕۆژئاوا نە تەنیا کۆتایی پێ نایەت بەڵکوو هەروا درێژە دەکێشـێ و بگرە کارەسـاتی مرۆیی ترسناکتریشی لێ بکەوێتەوە.




لایەنێکی دیکەی پرسـی کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردسـتان کە جێگەی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە هەڵوێستی گەلی کورد لـە پارچەکانی دیکەی کوردسـتان، بە تایبـەت ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانە. لـە ڕێکەوتـی ١٥ی ڕەزبـەرەوە هاووڵاتیانـی کـورد بە هەڵگرتنی پلاکارد بۆ پشـتیوانی لە خۆڕاگرییەکانـی خەڵکـی کۆبانێ و شـەرمەزار کردنـی هەڵوێسـتە نەشـیاوەکانی لایەنەکانی پێوەندیدار و هێرشـە بـێ بەزەییەکانـی داعش لـە زۆربەی هەرە زۆری شـارەکانی کوردستان لەوانە: مەهاباد، کرماشان، سـەقز، ئیلام، ورمێ، مەریوان، سنە، دێگـولان، بانە، ڕەبەت، سەردەشـت، کامیاران و هتد ڕێپێوانیان وەڕێخست و پێشانیاندا کە سەرباری بوونی کۆمەڵێك سنوور، کوردستان یەك وڵات و کورد یـەك نەتەوەیە و ئێـش و ئازارەکانی هەر پارچەیەك لە کوردسـتان، ڕۆحی نەتەوەیی پارچەکانـی دیکەش ئازار دەدات. لـەم نێوانـەدا دژکردەوەکانی دامەزراوە ئیداری و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیـم لە کوردسـتان زیاتـر خۆیان دەردەخەن. پارێزگار و جێگری سیاسی پارێزگای سـنە بە فەرمی داوایان لە خەڵك کرد کە بڕژێنە سـەر شـەقام، بـەڵام لە هەمان کاتیشـدا دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لەم پارێزگایە و لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستان، وەك چاوەڕوان دەکرا، بڕیاری گرتن و لێدانی خۆپێشـاندەران و ڕێکخەرانی خۆپێشـاندانەکانیان دا کە بەو هۆیەوە دەیـان کـەس لـەو خۆپێشـاندەرانە دەستبەسەر کران.

بیگومـان ئەوەیکە ئاشـکرایە ئەو ڕاسـتییەیە کە هەڵویستی کۆماری ئێسلامی نە تەنیا هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهاتووە بەڵکوو ڕێژیم دەیهەوێ بەم شـێوەیە کورد لە ئێراندا بە لاڕێدا ببات و قورسـاییەکەی لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە و لە هەمان کاتیشـدا ئێـدارە کردنی کوردسـتانی ڕۆژئاوا لە دەسـت ئەو لایەنە بێ کە پێڕەوی لە تـاران دەکات، تاکوو بەم شـێوەیە هەم ئەو بەشـە لە خاکی سووریە بۆ بەشار ئەسـەد بپارێزرێت و هەم ڕێگە لە کاریگەرییەکانـی ڕۆژئاوا و هێزە ناوچەییەکانی دیکە بگرێت.

بەڵام ئەوەیکە ڕوونە ئەو هەقیقەتەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ بە باشی لەوە ئاگادار بن کە بۆ چارە سـەری یەکجارەکی پرسـی کورد پێویسـتە هەوڵێکی جیددی بخرێتە گەڕ تاکوو جارێکی دیکە تراژیدیای هاوچەشنی شەنگاڵ و کۆبانێ لە شارێکی دیکە و لە پارچەیەکی دیکەی کوردسـتان نەیەتە ئاراوە، بە واتایەکی دیکە تاکوو ڕێژیمگەلێکـی نادیمۆکراتیکی وەك سـووریە و کۆماری ئێسلامی بە سەر کوردستاندا زاڵ بن، دەبێ چاوەڕوانی کارەساتی هاوچەشنی کۆبانێ بین.

# ڕۆژی جیهانیی ئێعدام و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی

هیوا میرزایی

لـە سـاڵی ٢٠٠٢ وە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیـی و ڕێکخراوی هاوپەیوەندیی جیهانیی دژی سـزای ئێعـدام ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبریان وەك ڕۆژی جیهانیی خەبات لە دژی ئێعدام دەستنیشـان کـرد. ئێعـدام یەکێك لە قورسترین و دژوارترینی ئەو سزایانەیە کە مرۆڤ یان سیسـتمی حکوومەتی بە سـەر مرۆڤێکی دیکەدا دەیسەپێنێ و دەبێتـە هۆی گیان لە دەسـتدانی مرۆڤێکـی دیکە، ئەوە لـە کاتێکدایە مرۆڤ بە سەربەسـتی لە دایك دەبێ و دەبێت بە سەربەستیش جیهان بە جێ بێڵـێ. لە زۆربەی ئـەو وڵاتانەی کە سـزای ئێعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێ، ئەم سـزایە بە گشتیی بۆ تاوانی وەك قەتل، دزی، توندوتیژی جێنسی و ... بەڕێوە دەچێ کە خـودی ئەم تاوانانە دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتین کە ڕوودان و سەرهەڵدانیان بەستراوەتەوە بە چەندین فاکتـەر و پارادایمـی جۆراوجۆر. بۆ نموونە دیـاردەی دزی کە هێندێکجار ڕووبەرووی سـزای ئێعـدام دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەسکورتی و پەروەردەی نابەجێـی بنەماڵـە و کۆمەڵگا. هەر چەند ئێسـتا زۆربەی وڵاتان سـزای ئێعدامیـان وەلا ناوە، بـەڵام هەن ئەو وڵاتانەی کـە حکومی ئێعدامیان تێدا بە شـێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە دەچێ و ملکەچ نین بـە بەندەکانی جاڕنامەی مافی مـرۆڤ. ئـەو وڵاتانەی کە هێشـتا حکومی ئێعـدام بەڕێوە دەبن بریتین لە چین، ئێران، ئامریکا، عێراق، عەرەبستان سعوودی، ژاپۆن، سووریە و ... لەم نێوەدا ئێران دوای چین بە پێی ئاماری سـاڵی ٢٠٠٩پلەی دووهەمی لـە ئێعدام کردن هەیـە و هەر بە پێی ڕاپۆرتی ئەحمەد شـەهید ڕێپۆرتێری تایبەتیی مافی مرۆڤ بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تایبەت بە مافی مرۆڤـی ئێران لە نێوان ژوییەی ٢٠١٣ تاکـوو ژوئەنـی ٢٠١٤، ٨٥٢کـەس لـە ئێران ئێعدام کراون. سـزای ئێعدام لە ئێراندا جیا لـەوەی کە بۆ هێندیك دیاردەی دزێـوی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەچێ بەشێکی بەرچاوی ئەم حوکمانە لە ئێران ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتین و ڕێژیم ئەم کەسـانە بە کەسانێکی جێی مەترسی بۆ سەر حکوومەتەکەی دەزانێ. چالاکانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی و ئایینی لـە ئێران بەردەوام ڕووبەرووی گرتن و ئەشکنجە و ئێعدام دەبنەوە و هەرکات کۆماری ئیسلامی ڕووبـەڕووی نارەزایەتیـی ڕێکخراوە مرۆڤدۆسـتانەکان و ئـەو ڕێکخراوانە کە لە بواری مافـی مرۆڤ چالاکن دەبێتـەوە ئـەو ڕووبەڕووبوونـەوە بە دەسـتێوەردان لە کاروبـاری نێوخۆیی خۆی دەزانـی و ئیزنی ئەوە نادات کە ئـەم ڕێکخراو و دەوڵەتانە بە شـێوەی ڕاستەوخۆ چاوەدێری لەسەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ئەو ئێعدامانە بکەن کە ڕۆژانە لە ئێران بەڕێوەدەچێ.




بەرپرسانی سیاسی و ئیداری کۆماری ئیسـلامی بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە سـزای ئێعدام دەبێتە هۆی جۆرێك وانەی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی دیکە و چاوترسـێن کردنیان بۆ ئەنجام نەدانی تاوان لە دژی کەسانی دیکە و کۆمەڵـگا و هەر ئەمەیش وای کردووە کە بەشـێکی بەرچاو لەم ئێعدامانە لە گۆڕەپانەکانی شار و وەبەرچاو خەڵکەوە بەڕێوە بچن کە خـودی ئەم کارە جیا لـەوەی نەیتوانییوە خەڵك چاوترسـێن بـکات بەڵکوو توندوتیـژی زۆرتر لە کۆمەڵگا بەرهـەم دێنێتەوە، هەر بۆیە دەبینیـن تاوانـە کۆمەڵایەتییـەکان ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە ئێـران پەرە دەستێنن و ئەم ئێعدامانەیش هیچکات نەیانتوانییـوە ئامـاری توندوتیژی و دزی لە ئێران کەم بکەنەوە چوونکە لە بنەڕەتدا خەسارناسـی بۆ ئەم دیاردانە و هۆکارەکانی سـەرهەڵدانی ناکرێ و ئەگەریـش ڕێکخراوێکی سـەربەخۆ بیهەوێ خەسارناسی و بەدواداچوون بۆ ئەم پرسـە بکا لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە پێشگیری لێدەکرێ.

لە کۆماری ئیسـلامیی ئێراندا جیا لەوەی کە حوکمی ئێعدام و بەڕێوەبردنی جێگای پرس و موناقشـەیەکی زۆرە، چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم سـزایەش ڕەخنـە و لێکدانـەوەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتـەوە بـۆ نموونـە ئێعدام لە بەرچـاوی خەڵك، ئێعدام بە شـێوەی بەردباران کردن و ئێعدامی کەسانی ژێر تەمەنی یاسایی.

هەر سەبارەت بە کارنامەی کۆماری ئیسـلامیی ئێران لە مـەڕ ئێعدام، بە پێـی ئامـاری ناوەنـدی هەواڵنێری کوردپا لە ماوەی یەك ساڵی یەکەمی سەرۆك کۆماریی حەسەن ڕوحانی کە بە بەڵێنی کەمکردنەوەی گوشـارەکان بۆ سـەر خەڵك هاتە سەرکار، نیزیك بە ٨١٤ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە لەو نێوەدا ٧٣ کەسیان کوردن لەم کەسانەیش ٤کەسیان بە تاوانی سیاسی و دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم ئێعدام کراون.

کارنامەی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لـە کەرامەتی مرۆڤ لـە کۆماری ئیسـلامیدا هەر لە هاتنە سـەرکاری ئەم ڕێژیمە ڕەش و سـەدە ناوەڕاستی بووە و ئێعدامەکانی ساڵەکانی ١٣٦٧ی هەتـاوی کـە دوای قەبووڵکردنـی بڕیارنامەی ٥٩٨ لە نێوان عێراق و ئێران و بۆ چاوترسێن کردن و بێدەنگ کردنی دژبەرانی نێوخۆیـی ڕوویدا یەکێکی دیکە لەو کـردەوە دژە مرۆییانەیە کە هەنووکەیش جێی پرس و لێکۆڵینەوەیە. شەپۆلێکی ئێعدام بە بێ دادگایی کردن و لێپرسینەوە.

ئێعدام هەمیشـە چەکێـك بووە بە دەسـت کاربەدەسـتانی ئێرانەوە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسـلامی ڕۆژ نەبـووە کە لـە زیندانەکانی ئەم ڕێژیمـە ملی کەسـێك نەکرێتە پەتی تێڕوانین و بیرکردنەوەی دواکەوتووانەی ئەم ڕێژیمە. ڕێژیمیك کە بە فرمێسکی دایـك و هەتیوبوونی منداڵەکان بونیاد نراوە و کاربەدەستانی باڵای ئەم ڕێژیمە بە کوشـتن و لە نێوبردنـی دژبەرانی خۆیـان بوونەتە دڕەندەترین مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە.

# جگەرخوێن، شاعێری نیشتمانپەروەر

ئا: جەماڵ فەتحی

جگەرخوێن بە نازناوی (شێخ مووس) لە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی بەرانبەر بە ١٢٨٢ی هەتاوی لە گوندی "حەسار" سەر بە شاری ماردینی ڕۆژئاوای کوردستان لە بنەماڵەیەکی هەژاردا لە دایك دەبێت کە بە هۆی هەژاری و دەست تەنگی بنەماڵەکەی هەتا تەمەنی ١٨ ساڵ نەیتوانییوە وەدوای خوێندن بکەوێت، لەو تەمەنەدا بە پشتگیری و یارمەتی خوشکی خوێندن لە حوجرەی فەقێیان دەستپێدەکات و قۆناغی وانە ئایینیەکان تێدەپەڕێنێت، لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی پاش سەرکوتی بزافەکەی شێخ سەعیدی پیران، بنەماڵەی جگەرخوێن وێڕای چەندین بنەماڵەی دیکەی نیشتمانپەروەر بەهۆی گوشاری حکوومەتی عووسمانی ئاوارەی کوردستانی سورییە دەبن و هەر لەوێ دەمێننەوە، ئەم ئاوارەیی و هەڵاواردنە لەسەر بیری جگەرخوێن کاریگەریی دادەنێت و باوەڕی نیشتمانی و نەتەوەیی دەورووژێنێت و دواتر پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵەی خۆیبوون ولە گۆڤاری "هاوار" کە بڵاڤۆکێکی ڕزگاریخوازانەی ئەم کۆمەڵە بوو چالاکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی دەسپێدەکات.

ئەم شاعێرە هەر چەندە دەرسی ئایینی خوێندبوو، لە ژێرکاریگەریی بیری مارکسیستی ئاڵ و گۆڕ بە سەر بیروباوەڕی‌دا دێت، بەڵام بیری چەپ ومارکسیستی نەیتوانی ئەو لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دوور بخاتەوە، لە ساڵی ١٩٥٨دا دێتە باشووری کوردستان ولەوێیەوە دەچێت بۆ بەغداد و دەبێت بە مامۆستای بەشی ئەدەبی لە زانکۆی بەغداد، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦٠ وەك مامۆستای شۆڕش لەو بەشە لە خەباتی نەتەوەکەی بەشداری دەکات وە پاش نسکۆ هێنانی ئەم شۆڕشە لە ١٩٧٠دا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٩دا بە هۆی گوشاری ڕێژیمی بەعسی سورییە وەك پەنابەرێ ڕوو دەکاتە وڵاتی سوید وەهەتا ١٩٨٤کە کۆچی دوایی دەکات لەوێ دەمێنێتەوە و پاش مانگێك تەرمەکەی دێننەوە بۆ کوردستان و بە خاکی باب وباپیری دەسپێرن.



جگەرخوێن لەسەردەمێکدا دەرکەوت کە سەردەمی تاریك پەرەستانی عوسمانی و سەرکوتی بزووتنەوەکانی کورد بوو و زمانی کوردی چ بە قسەکردن چ بە نووسین قەدەغە بوو، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەشدا سەردەمی جووڵەی نەتەوە بندەستەکان و بیری سوسیالیزمی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگەرخوێن کە شاعێرێکی نیشتمانپەروەر بوو لە ژێر کاریگەریی شێعرەکانی ئەحمەدی خانی شێعرە نەتەوەییەکانی گەشە دەستێنێت و پاش خانی و مەلای جزیری وەك شاعێرێکی بە توانا و ناسراوترین لە زاراوەی کرمانجی ژووروو لە سەدەی بیستم دێتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردی و بەشێکی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بۆ خۆی تەرخان دەکات، ئەم شاعێرە جگە لە شێعری نەتەوەیی لە مەیدانی ئەویندارییشدا هونەری خۆی نواندووە ولە ژێر کاریگەریی مەلای جزیری ئەسپی خەیاڵی تاو داوە. شێعرەکانی لە ڕووی ڕواڵەت و پێکهاتەوە لە چوارچێوەی کلاسیك دایە، بەڵام بە ناوەڕۆك شێعرەکانی دەچنە نێو چوار چێوەی شێعری "نوێ"وە، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان شێعرەکانی جگەرخوێن و شاعێرانی کورد بەگشتی بکرێت هەم تام و بۆنی شێعری هێمن دەدەن هەم لە شێعری قانع دەچن، هەرچەندە لە شێوەی ژیانی ئاسایی زۆرتر بە قانعەوە نزیکە چۆنکە هەر دوو سەرەڕای خوێندنی دەرسی ئایینی بەرەو بیرێکی چەپی و سوسیالیستی هان دراون، وەکوو ئاینییەکی بەرچاوتەنگ و بیرتەسك لە چوارچێوەی ئاییندا نەماونەتەوە.

جگەرخوێن جگە لە شێعر لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە وەکوو فەرهەنگ نووسی، داستان و ڕۆمان و هەروەها لە مێژووشدا خۆی تاقی کردووەتەوە و بەرهەمگەلێکی لێ بە جێ ماوە.

بەرهەمە شێعرییەکانی بریتین لە "سەروا ئازادی"، "کێمە ئەز"، "ئاگر و پیتی"، "ڕووناك"، "هێڤی" و "شەفەق"

لە بواری مێژوو نووسییش‌دا خاوەنی"تاریخا کوردستان" و "زەند و ئاوێستا"یە.

لە بەشی ڕۆمان وچیرۆکیشدا خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە"چیرۆکی سالار و میدیا"، "ڕەشووی داریٚ"، "جیم و گوڵپەری"کە هەر سێکیان لە داستانە فولکلۆرەکانی ئەو بەشەی کوردستانن.

## ئاوێزە



● ڕەحیم لوقمانی

ساڵی ١٩٦٠ لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە، لیسانسی زمان و ئەدەبی فارسی هەیە و ئێستا مامۆستای دواناوەندییەکانی شاری سنەیە.

چالاکیە ئەدەبیەکانی بریتین لە: شێعر، وەرگێڕان، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی چیرۆك و ئەفسانەی کورد، وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە سەر ئەدەبیات بە گشتی و بە تایبەتی شێعر

ساڵێك کادری زانستی و ڕۆژنامەوانی بووە لە گۆڤاری سروە، لە ورمیٚ.

بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لە: کۆمەڵە شیعری"زامستان" ـ وەرگێڕانی کتێبی "فاشیزم چیە"ی (یەڵماز گۆنەی) کە چیرۆکە بۆ منالاَن ـ گۆڕینی چوارینەکانی باباتاهیر هەمەدانی، بۆ سۆرانی ـ چاپی دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە گۆڤارەکاندا و بەشداری لە فێستیڤاڵەکاندا بە بەرهەم و بابەتی تایبەت.

بەرهەمە ئامادە و چاپ نەکراوەکانی بریتین لە:

١ـ دەنگی ئاشتی، شێعر بۆ منداڵان
٢ـ کەرێك میداڵی وەرگرت، سیٚ کورتە چیرۆك بۆ تازەلاوان، وەرگێڕان
٣ـ کەشکۆڵێك لە ئەدەبی بێگانە، کورتە چیرۆك، وەرگێڕان
٤ـ کۆمەڵێك وتار و لێکۆڵینەوە لە سەر شێعر و ئەدەبی کوردی
٥ـ چیرۆك و ئەفسانەی کورد، کۆکردنەوە لە ناوچەی سەقز
٦ـ پشکۆی هاوار، کۆمەڵێك شێعری تازەی شاعیر.
٧ـ وەرگێڕانی شێعرەکانی شاندور پیتۆفی شاعیری شۆڕشوانی مەجارستان

پرۆژەی بەرکار:

١ـ ئامادەکاری و دابەشکردنی ئەفسانەکوردیەکان، پێشەکی و لێکۆڵینەوە لە سەر زمان، باوەڕی ئایینی، کۆمەڵایەتی و... کە زیندوو کردنەوەی سەرجەم ئەفسانەکان ئەرکێکی زۆر گرنگە. چونکە لە بواری کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژی، مێژوویی، باوەڕی کۆمەڵگا، بەکارهێنان و پاراستنی زمانی کوردی و... بۆ نەوەکانی دواتر، پێویستمان بە ئەدەبی نەنووسراوە و کۆکردنەوەی بە کارێکی گرنگە.

٢ـ ئامادەکردنی سەرجەم وتار و لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی زانستی لەسەر شێعر و ئەدەب و هونەری کوردی، وەك کۆمەڵە وتار و تیۆری ئەدەبی، کتێبێکە وەك سەرچاوە کەلکی لیٚ وەردەگیرێت.




# لە ڕێی چیای "شەنگال"وە

■ "بەیان عەلی ڕەمایی"



دەستیان کرد بە نووسینی تۆ
بەلکوو شێعر
تینوویەتی ماندوو بکا
برسیەتی لە ناو بیا
ئاوارەیی بار هەڵپێچی
بەلکوو دەستی خوای عەداڵەت
ڕاچڵەکێ و
ناخی غەدر و بێ‌ئیمانی،
مەرگ و ماڵ وێرانی بکێ...

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 639 ■ 23 Oct 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# نۆیەمین فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان کۆتایی پێهات

نۆیەمین فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان دوای چوار ڕۆژ چالاکیی بەردەوام بە ناساندنی سەرکەوتووەکانی ئەمساڵ و هەڵبژاردنی بەرهەمەکانی شانۆی فەجر کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەر بەرهەمی سەرکەوتووی بەشە جۆراوجۆرەکانی نۆیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی سەرشەقامی مەریوان دیاری کران.

لێژنەی داوەران (ڕەزا حامیدی، حەمید ڕەزا نەعیمی و خوسرەو سیناکار) خەڵاتی دارشتنی گەلاڵە و بیرۆکەیان بە عەزیز زادسەر لە مەریوان (شانۆی تابووتێك لەتاوان) بەخشی.

خەڵاتی تایبەتیی لێژنەی داوەرانیش پێشکەش بە موجتەبا موراد‌ی (شانۆی پرسەی سوور) لە کرماشان کرا.

لەو فستیڤاڵەدا ڕێز لە نەریمان مەجید نوێنەری هەرێمی کوردستان، ئینتقام سوڵتان نوێنەری کۆماری ئازەربایجان گیراوە.

لە بەشەکانی گەلاڵە و ڕازاندنەوەی سێن (ئێستێج)، مۆسیقا و جلوبەرگیشدا شانۆکانی "فەریاد" لە وەرامین، "تابووتێك لەتاوان" لە مەریوان و "زاتی مرۆڤ لە سرۆشت" لە مەریوان هەڵبژێردران.




شانۆی " دار و با" لە سەقزەوە یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانە بوو کە لە بەشی ئاییینی و نەریتخوازیدا توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

لەلایەکی دیکەوە ساناز درخشانی بە هۆی ڕۆڵ گێڕانی لە شانۆی "زاتی مرۆڤ لە سروشتدا" وەکوو باشترین ئەکتەری منداڵ خەڵاتی پێبەخشرا.

نەرگێس خاك‌کار لە مەلایەر، مەرجان قاسمی لە دێلۆڕان و پەرنیان گودەرزی لەتاران لە بەشی ئەکتەریدا توانیویانە خەڵاتی داوەران بۆ خۆیان مسۆکەر بکەن.

خەڵاتی تایبەتیی لێژنەی داوەرانیش بە هۆی پێشکەش کردنی شانۆی ڕێکوپێك و هاوئاهەنگی نواندن پێشکەشی "ئانتی گونە" لە بۆکان کراوە.

لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا "ئانتی گونە "لە بۆکان"، قاپێك خورما" لە دێلۆڕان" و "تابووتێك لەتاوان" بەشداری ڕکابەرییەکان بوون، کە بەرهەمی سەعید خەیرۆڵلاهی ( قاپێك خورما) بە دەنگی بەشداربوان هەڵبژێردراوە.

بەپێی هەڵسەنگاندن و دەنگی لێژنەی داوەران ١٧ بەرهەمی سەرکەوتوو لەنۆیەمین شانۆی مەریواندا ڕێگەیان پێدراوە بچنە ٣٢ەمین فێستیڤاڵی شانۆی فەجرەوە.

# ژمارەی تووشبووان بە ئیبۆلا گەیشتە ٩ هەزار کەس

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕایگەیاند: ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی ئیبۆلا لە جیهاندا گەیشتۆتە ٩ هەزار حاڵەت، لەگەڵ زیاتر بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەو ڤایرۆسە کوشندەیە، بروس ئیلوارد یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ڤایرۆسی ئیبۆلا ڤایرۆسێکی کوشندەیە و ژمارەی تووشبووان بەو ڤایرۆسە تا ئێستا گەیشتۆتە نزیکەی ٩ هەزار حاڵەت




کە زیاتر لە وڵاتانی وەکو کنیا و سیرالیۆن و لیبریا تۆمار کراون ئەو ژمارەیەش تەنها ئەو حاڵەتانەن کە دوای پشکنین پێیان زانراوە.

هەروەها وتی: ئەو ڤایرۆسە کوشندەیە و لە ڕێگەی هەواوە بڵاو دەبێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك گیرۆدەی دەبن.

وتیشی : ئا ئێستا ڕێژەی گیان لەدەستدانی تووشبووانی ئەو نەخۆشیە گەیشتۆتە ٩٠٪ و بەردەوامیش لە زیادبووندایە.

# زستانێکی سەخت بەڕێوەیە

لە سەنتەری کەشناسیی وڵاتانی عەرەبی، زانیاری بە فەرمانگەی کەشناسیی هەرێمی کوردستان دەدرێت کە زستانێکی سارد و زۆر سەخت ڕوو لە ناوچەکە دەکات. بەرپرسێکی کەشناسیش ئاشکرای دەکات باران و بەفر و لافاوی نامۆ لەم زستانەدا ڕوو دەدەن.

دارا حەسەن فەرەج، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کەشناسی و بومەلەرزەی سلێمانی ڕایگەیاند: بەپێی ڕاپۆرتی خۆمان و ڕاپۆرتی کەشناسیی وڵاتانی ناوچەکە، پێدەچێت، زستانێکی سارد و سەخت بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەرێمی کوردستان، عێراق، سعوودییە، ئۆردۆن و کووەیت، باران و بەفرێکی زۆر بباریێت.

هێمای بۆ ئەوەش کرد بەفر بە شێوەیەکی نامۆ دەبارێت و ئەگەریشی هەیە بەهۆی بارانی بەخوڕ لافاویش دروست بێت، گوتیشی: بەپێی زانیاریەکانی ئێمە، ئەگەری ئەوە هەیە زستانی ئەمساڵ سیمایەکەی لە ساردیدا وەکو زستانی



ساڵانی ٧٠ و ٨٠ی سەدەی ڕابردوو بێت و بەفرێکی زۆریش بباریێت.

بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کەشناسیی سلێمانی ئەوەشی خستە ڕوو، ئەگەری هەیە ئەو زستانە سەختەی ئەمساڵ لە مانگی ١٢ و سەرەتای ساڵی داهاتوو دەست پێ بکات.

بەپێی ئاماری کەشناسیی کوردستان لە زستانی ڕابردوودا ٦٧٠ ملم باران باریبوو، بەڵام بە گوتەی دارا حەسەن، چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ ئاستی باران بارین بگاتە ٨٠٠ تاوەکو ٩٠٠ ملم.

بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کەشناسیی سلێمانی، ڕوونی کردەوە زستانی ئەمساڵ لەژێر کاریگەریی دەریای ناوەڕاست و ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دەبێت، گوتیشی: لە سەنتەری کەشناسیی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت لە سعوودییە و ئۆردۆن و میسر، زانیاریمان بۆ هاتووە، زستانێکی سەخت و سارد بەڕێوەیە و ئەو وڵاتانە خۆیان بۆ ئەو شەپۆلە ئامادە کردووە و پێویستە ئێمەش ئامادەکاری بکەین.

## زایەڵە

### چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا

**فاتیح ساڵحی**

چاوترسێن کردنی خەڵك و کپ کردنی دەنگی نارەزایەتی ئەندامانانی کۆمەڵگا دوو ئامرازی سەرەکی و هەمیشەیی دیکتاتۆرەکانە لە پێناو داسەپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان بەسەر خەڵك و کۆمەڵگادا.

لەم بوارەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە هەمان سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بە ڕەشەبگیریی و ئیعدامە بەربڵاوەکان و سازکردنی دوژمنایەتی و دووبەرەکیَ و لێدانی مۆرکی کوفر و دانی فەرمانی جیهاد، هەوڵیان دا یەکەمین بزمارەکانی دەسەڵاتەکەیان بە توندی دابکوتن و لەم پێناوەشدا بۆ ئەوەیکە هەموو کۆمەڵگای ئێران بە هەموو نەتەوە و ئایینە جۆرواجۆرەکانیەوە چاوترسێن بکەن و دەنگی نارەزایەتییان لە ئاوڵمەدا کپ بکەن و بیخنکێن لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆییانە سڵیان نەکرد.

ئەم ڕەوتە لە درێژەی سی و شەش ساڵ دەسەڵاتداری ئەم حکوومەتە هێشتا بەردەوامە و ناوەناوە لە بیچم و شێوازی جیاوازدا لە هەموو ئاستەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا خۆی نواندووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرهەم دێتەوە و زۆر ڕاشکاوانە کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ پاساو هێنانەوەی کردەوە دژە مرۆییەکانیان پەنا دەبن بۆ شەریعەتی ئیسلامی و ئەمری بە مەعرووف و نەهی لە مونکیر.

لە فەرمانی جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان و ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧وە بگرە تا تیرۆری فیزیکی ڕێبەرانی ئۆپۆزێسیۆن و نەیارانی حکوومەتی ئاخوندی هەتا سەرکوتی بێ بەزەییانەی نارەزایەتییەکانی کووی زانکۆ و ڕەشەکوژی خەڵکی نارازیی کوردستان لە هاوینی ١٣٨٤دا و ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری و توندتر کردنەوەی فەزای ئەمنیەتی لە پارێزگای سیستان و بلووچستان و ئیعدامی بەرفراوانی چالاکانی عەرەب تا دوا نموونەی ئەو توندتیژیینانە واتە خۆپیشاندانی لایەنگرانی داعش لە شارەکانی کوردستان و تێزاب پرژاندنەکانی ئەم دواییانە بەسەر کچان و ژنانی ئیسفهەنادا، هەموویان نموونەیەکی بەرچاون لە کەڵك وەرگرتنی نامرۆییانە لە دوو ئامرازی بەهێزی سەرکوت یانی چاوترسێن کردن و کپ کردنی فەزای کۆمەڵگا لە پێناو مانەوە و داسەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی ئاخوندەکان بەسەر وڵات و خەڵکانی نیشتەجێی ئێراندا.

ئەمجارە کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەی حکوومەتی ئیسلامی عێراق و شام بۆ ئەوەیکە ئەویش لە قافڵەی ئەو حکوومەتە نەکەوێتە داوەوە و بە زمانێکی ساکار بە خەڵك بڵێی کە ئیسلامیترین حکوومەت لە ناوچەکەدا کۆماری ئیسلامییە لە ڕێگەی دەست و پێوەندییەکان و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانیەوە توێژی ژنانی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد و بە پرژاندنی تێزاب بەسەر ڕوخساری ژنانی ئێرانیدا لە هەوڵی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگای ژنان و داسەپاندنی حیجابی ئیجباری و دوور خستنەوەیان لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگا بوو.

بەڵام لە هەمووی گرینگتر دژکردەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران لەم پێناوەدا بوو کە زۆر ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند کە بکەرانی ئەم کردەوە دەبێ لەبەر چاو خەڵکەوە قەساس بکرێن، واتە بۆ جارێکی دیکە بەرهەمێنانەوە توندوتیژی و دیسانەوە چاوترسێنکردنی خەڵك. دووریش نییە لەم ڕۆژانە کەسانێکی بێ تاوان بۆ ئەم مەبەستە دەسنیشان بکەن و لەبەر چاو خەڵکەوە قەساسیان بکەنەوە و ئینجا بە فەرمی و ئاشکرا تێزاب بەسەر ڕوخساری خەڵکدا بپرژێنن.